# دیاریکردنی هەرێمی وەزیفەکانی( کارگێڕی ، تەندروستی ، گواستنەوە ) لە شاری ڕانیە
# (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)

## توێژینەوەی وەرگیراو لە تێزی دکتۆرا

بێستون ئەحمەد حسێن          پ.د .خەلیل ئیسماعیل محەمەد

### پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە هەرێمی وەزیفی شار لە چوارچێوەی جوگرافیای شاردا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە هەرێمی شار لە سەر بنەمای پەیوەندی وتێکەڵاوبوون لە نێوان شارو ئەو ناوچانەی وەک لادێ و شارو شارۆچکانەی کە دەوری شارەکەیان داوە دادەمەزرێت ، بێگومان ئەو پەیوەندی وتێکەڵاوبوونەی شاریش لە چەندین بواری جیاوازدا ڕەنگی داوەتەوە وەک پەیوەندیەکانی کارگێڕی ،تەندروستی ،گواستنەوە هتد....کە ناو دە برێت بە هەرێمی شار.

شاری ڕانیەش بەهۆی گرنگی شوێنە جوگرافیەکەیەوە لەڕووی دیمۆگرافی وئاوەدانی و وەزیفە جیاوازەکانیەوە گەشەکردنیکی باشی بە خۆیەوە بینیوە ئەمەش یارمەتی داوە بۆفراوان بوون گەشەکردنی پەیوەندیەکانی و کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری، لەڕاستیدا وەزیفەکانی کارگێڕی و تەندروستی و گواستنەوە لە دیارترین و باوترین ئەو خزمەتگوزاریانەن کە شاری ڕانیە پێشکەشی دانیشتوانەکەی وهەرێمەکەی دەکات، چونکە پەیوەندی تەواویان بە ژیان وگوزەرانی ڕۆژانەی دانیشتوانی شارەکە وە هەیە بەتایبەت لەم سالانەی دواییدا ئەمەش بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و زیاتر بوونی پێداوویستی وداواکاریەکانی دانیشتوان کاریگەری کردۆتە سەر تواناکانی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە هەر ئەمەش وای کردوە کەخزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وگواستنەوە لە ئێستادا لەشاری ڕانیە گرنگیان پێ بدرێن.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لە وەدایە کە بابەتێکی گرنگ لە بواری جوگرافیای شار تاوتوی دەکات ئەویش هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە یە بۆ هەریەک لە وەزیفەکانی تەندروستی و


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

گواستنەوە ، لەهەمان کاتدا لەم ڕێگەیەوە بۆ مان دەردەکەێت کە دابین کردن وپێشکەش کردنی ئەو خزمەت گوزاریانە لە چ ئاست وپلە یەک دایە وە تاچەند شوێن وەتاچ ئاستێک توانیویانە پێداوویستی وداواکاریەکانی دانیشتوان پڕ بکەنەوە ،هەروەها گرنگیەکی تری ئەوەیە کە دیاریکردنی هەرێمی شار پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پلاندانان وپەرەپێدانەوە هەیە بەو پێیەی ڕانیەش لە ڕووی دیمۆگرافی و ئاوەدانی و وەزیفەکانە وە گەشەکردنیکی باشی بە خۆیەوە بینیوەئەمەش دەبێتە بنەماو دەسپێکی کاری پلان دانان وپەرەپێدان بۆ بواری تەندروستی وگواستنەوەی شارەکەو دەوروبەری.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

١- دیاریکردنی سنووری پەیوەندیەکان و کاریگەری هەریەک لە خزمەتگوزاریەکانی کارگێڕی وگوا ستنە وە وتەندروستی شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری لەگەڵ دەست نیشانکردنی هەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کەکاریگەری ئەو خزمەتگوزاریانەیان دەگاتی، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکان سود لەم بابەتە وەربگرن وەبەرچاوڕوونیان هە بیت وە بیکەنە بنەمایەک بۆ کارکردن وپلان دانان و پەرەپیدان بۆ ئێستاو ئایندەی ناوچەکە.

٢- تاوەکو بۆمان دەربکە وێت کە ئاستی درێژبوونەوەوکاریگەری هەرێمی شارەکە تاچەند ناوچە درێژ بۆتەوەو لە کوێ دا کۆتایی هاتوە. وە ڕووبەری هەرێمەکە چەندە وە تاچەند سنور شێوەی هەرێمی شارەکە گونجاوە لەگەڵ سنورە کارگێڕیەکەی دا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**هەمو توێژینەوەیەک پێوویستی بەوە هەیە کە پشت بە میتۆدێک یان زیاتر لە میتۆدێک ببەستێت ئەم توژینەوەیەش پشتی بەستوە بە هەریەک لەمیتۆدەکانی هەرێمی وشیکاری و بەراووردکاری.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** لەڕاستیدا توێژینەوەکە لە چەند گریمانەیەکەوە سەرچاوەی گرتوە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە.

١- گرنگی شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە، چونکە شارەکە لەسەر دەشتێکی پان و بەرینی کشتوکاڵی وە دەوڵەمەند لەڕووی ئابوری بەناوی دەشتی بیتوێن هەڵ کەوتوە لەهەمان کاتدا دەورەدانی بەچەندین شاروشارۆچکەو گوندی شاخاوی ودەشتایی. هەروەها سەنتەریەتی شوێنی شارەکە بەنسبەت ناوچەکانی دەوروبەری.

٢- گەشەکردنی تۆڕەکانی گواستنەوەو هاتووچۆی شاری ڕانیە وە بوونی پەیوەندی بەرفراوانی گواستنەوە ی ڕانیە لە گەڵ شارو شارۆچکە دورو نزیکەکانی دەوروبەری یارمەتی زیاتری شارەکەی داوە بۆ بەرفراوان بوونی پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

٣- گەشەکردنی کەرتی تەندروستی لەڕێگەی دروست کردن وکردنەوەی چەندین نە خۆشخانەو بنکەودامەزراوەی تەندروستی بە هەردووک جۆری حکومی وئەهلی لە شارەکە دایارمەتی دەربوون بۆ گەشەکردنی وەزیفەی تەندروستی لە شاری ڕانیە وە دروستکردنی کاریگەری زیاتری ڕانیە بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دوور لەخۆی، ئەمە جگە لەوەی کە گەشەکردنە دیمۆگرافی و ئاوەدانیەکەی شارەکە لەگەشەکردنی پەیوەندی هەرێمی شارەکەدا ڕۆڵ وقورسایی خۆی هە بووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پلانی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی ، توێژینەوەکە پشتی بەم پلانەی لای خوارەوە بەستوە: تەوەرەی یەکەم: تایبەتە بەچوارچێوەی تیۆری هەرێمی شار، تەوەرەی دووەم : ڕۆشنایی دەخاتە سەر وەزیفەکانی کارگێڕی تەندروستی وگواستنەوە لەشاری ڕانیە ، کە دابەشکراوە بەسەر دوو باس دا: باسی یەکەم : تیشک دەخاتە سەر وەزیفەی کارگێڕی لە شاری ڕانیە، باسی دووەم : تەخانکراوە بۆباسکردن لە وەزیفەیتەندروستی لە شاری ڕانیە هەروەها باسی سێیەم ڕۆشنایی دەخاتە سەر وەزیفەی گواستنەوە لەگەڵ خستنە ڕووی چەند دەرئەنجام وڕاسپاردەیەک .

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** بێگومان توێژینەوەکە بێ گیروگرفت نەبووە،لەگرنگتین گیروگرفتە کانیش وەک:

١- هەست نەکردنی هەندێک لە فەرمانگەکانی حکومەت ودام ودەزگاکان بەگرنگی توێژینەوەکان ، بەجۆرێک کەمتەرخەم بوون لە پێدانی داتاو ئامارەکان، ئەم سەرەڕای بوونی کەم کورتی لە هەندێک لە داتاو زانیاریەکان.

٢- خراپی ڕەوشی ئابووری فەرمانبەرانی حکومەت گیروگرفتێک بوو لەبەردەم توێژینەوەکە ، چونکە لە کاتی سەردان کردنی فەرمانگەکانی حکومەت هەندێک کات فەرمانبەرەکان لەدەوام نەبون یان بەهۆی بێزاری لە بارودۆخەکە گیانی هاوکاریکردنی نەبوو.

**تەوەرەی یەکەم: چوار چێوەی تێوری هەرێمی شار**

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی تێوری، تیشک بخەینە سەر باسکردنی هەرێمی شارو چۆنیەتی دیاریکردنی لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو ڕێگا جیاوازانەی کە توێژەران لەنێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن بۆدیاریکردنی سنووری هەرێمی هەروەزیفەیەک لە وەزیفەکانی شار، چونکە ، زیاتر لەڕێگایەک هەیە کە توێژەران لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا پشتی پێدەبەستن، لەهەمانکاتدا توێژەران ئازادە ن کە چ ڕێگایەک و شێوازێک بە کاردەهێنن بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارەکەوە باسکردنی پەیوەندیە جیاوازەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری لە چوارچێوەی پەیوەندی هەرێمایەتی شاردا ، لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵ دەدەین کە لە دیاریکردنی سنووروشێوەی هەرێمی هەریەک لە وەزیفە جیاوازەکانی شاری ڕانیە دا ئەو ڕێگایانەی کە لای زۆربەی توێژەران پەسندە بەکاربهێنین.

**١ : هەرێمی شارو ڕێگاکانی دیاریکردنی:**

لێکۆڵینەوە ی هەرێمی شار لە جوگرافیای شاردا گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەرێمی شار لەسەر بنەمای پە یوەندیەکان و تێکەڵابوون لەنێوان شارو ئەو ناوچانەی وەک لادێ و شاروشارۆچکانە ی کە دەوری شارەکەیان داوە دادەمەزرێت، بێگومان ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوبوونەش لەچەندین بواری جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە. هەموو شارێک قەبارەکەی هەر چەندێک بێت، چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە دەوریان داوە هەیە، ئەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕکردنەی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا ناودەبرێت بە هەرێمی شار[1] ، (جفرسون)

[1] بێستون احمد حسێن، دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزی بە گوێرەی بیردۆزی خاڵی پچران، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ژمارە ١٢ ساڵی ٢٠١٧،لا ٢٥٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەڵێت جەوهەری شار خزمەتکردنە بە ناوچەلاوەکیەکانی دەوروبەری‌وە یەکێک لە فەرمانە سەرەکیەکانی شار ڕەگەزی هەرێمیە بۆیە ناتوانین بە تەواوەتی لەشار تێ بگەین تاوەکو لێکۆڵینەوەیەکی وورد نەکەین سەبارەت بە پەیوەندی شار لەگەڵ گوندو دەوروبەرەکەی ،بەشێوەیەکی گشتی پیشەی شار دابە ش دەبیت بۆ دووبەش (پیشەی ناوخۆو پیشەیی هەرێمی)، سەبارەت بە (پیشەی ناوخۆی) مەبەست لێی ئەو خزمە تانەیە کە پیشکەشی دانیشتوانی ناوخۆی شارەکەی دەکات ،بەڵام مەبە ست لە (پیشەی هەرێمی) پیشکەش کردنی خزمەتگوزاریە بۆ دانیشتوانی دەرەوەی شار، وەک دەزانرێت کە شارەکان ڕووبە ڕێکی زەویان داگیرکردوە خزمەت پیشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری ودوورلە خۆی دەکات وە پشتیش بە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی دەبەستێ, چونکە شارەکان ناتوانن تەنها بە دەرامەتی شارەستانی خۆیان بژین بۆیە هیچ کات پەیوەندی لە نێوان شارو هەرێمەکەی ناپچڕێت هەروەها ناکرێت تەنها پەرە بە شاربدرێت بە بێلە بەرچاوگرتنی پەرەپێدانی هەرێمەکەی(١).

سەبارەت بە جۆرەکانی هەرێمی شار دووجۆری جیاوازی هەیە:

**یەکەم:** ئەو هەرێمەی کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە چواردەوری شارەکە، بەشێوەیەک نزیکەی ٨٠% ی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە بۆ بەدەست هێنانی کەل و پەلەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان وخزمەتگوزاریەکانیان ڕۆژانە ڕوو لەشارەکە دەکەن،کە ناسراوە بەهەرێمی چڕ

**دووەم :**بریتیە لەو هەرێمەی کە دراوسێی شارەکە نیەو ڕاستەوخۆ بەشارەکەوە نەنووساوە یان ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە چواردەوری شارەکە ،هەر بۆیە ژمارەیەکی کەمتر لە دانیشتوان بەبەراوردکردن بەهەرێمی یەکەم بۆبەدەست هێنانی پێداویستی وداواکاریەکانیان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ڕوو لە شارەکە دەکەن پێ دەگوترێت هەرێمی فراوان.

بەڵام لەچوارچێوەی هەرێمی بازرگانی دا : دیکنسۆن پێی وایە پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیەکانی شار لەچوارچێوەی هەرێمی شاردا بەسێ شێوە دەردەکەون ، بەجۆرێک ئەم پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیە لەلێوارەکانی شارەکەوە دەست پێ دەکات بەرەو ناوچەکانی دە رەوەی شارەکە بەم شێوەی لای خوارەوە:

چوارچێوەری یەکەم: ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە زۆر نزیکە لەشارەوە بە جۆرێک، کەڕاستەوخۆ بە سنوری شارەکەوە نووساوە،ناودەبرێت بە ناوچەی گواستراوە لە نێوان شارەکەو لادێ نزیکەکانی دەوروبەری.

چوارچێوەی دووەم : ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە بە دووری ٢٥- ٣٠کم لەسەنتەری شارەوە دوورە وە ناوچەیەکە کە جوڵانەوەکانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن تیایدا زۆرترە و کۆگاکانی هەڵگرتنی کەل و پەل و کاڵاکانی لەخۆدەگرێت.

چوارچێوەی سێیەم : ئەو ناوچەیە یان چوارچێوەیە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە ٣٠کم دوورە لە شارەکەوە ئەو ناوچەیە واناسراوە کە شارەکە لەڕووی بازرگانیەوە هەڵدەستێ بەکێ بڕکێ کردنی بازرگانی لەگەڵ ئەو شارانەی کە لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە نزیکن لە خۆی(٢).

(١) محمد وتمان محمد، دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بە پێی بیردۆزی خاڵی پچراندن ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم ، ژمارە (١٠) ئاداری ٢٠١٧، لا٣٥٤-٣٥٥

(٢)صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن ,دارصفاء للنشروالتوزیع .عمان,١٩٨٥ ،ص٣٦١-٣٦٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەبارەت بەو ڕێگایانەی کەلە دیاریکردنی هەرێمی شار بەکاردەهێنرێت وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا ڕێگاکان جیاوازن،چونکە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار کارێکی ئالۆزەو هەروا ئاسان نیە، هەربۆیە لە دیاریکردنی سنورەکەی دا چەند پێوەرێک بەکاردەهێنرێت، بێگومان ئەو پێوەرانەش بنیات دەنرێن لەسەر بنەمای ئەو پیشە بنچینەیانەی کە شارەکەیان پێ وەسف دەکرێت. وەک ئاشکرایە شار ناوەندێکی گرنگە بۆ کارکردن، خاڵێکە کە بەرهەمەکشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکانی گوندەکانی دەوروبەری تێدا کۆدەبێتەوە بەواتایەکی تر بازاڕێکە بۆ کۆبوونەوەو ساغ کردنەوەی کاڵاجۆراو جۆرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شار،هەروەها شار ناوەندێکە بۆ دابەشکردن وگەیاندنی کەلوپەلەکانی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ، بەجۆرێک ناوەندێکە بۆدابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی پەروەردەو تەندروستی و ڕۆشنبیریوبازرگانیو کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی هتد... هەربۆیە هەریەک لەو خزمەتگوزاریانە هەرێمێکی تایبەتی هەیە.

لەڕاستیدا دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار پێویستی بەئامڕازی پێوانەکردنی وورد هەیە هەربۆیە لەزۆر ڕوانگەوە چەندین ڕێگاو شێوازی بیرکاریو هاوکێشەی جیاجیا لە نێوان توێژەراندا بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار، توێژەران لەنێوان خۆیاندا بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو ڕێگاو شێوازانەی کە بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار. بێگومان جیاوازی بیرو بۆچوونی توێژەران لەسەر دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو قۆناغانەی کە شارەکە لە ڕووی گەشە کردنەوە پێی دا تێپەڕ دەبێت لەگەڵ جیاوازی ئاستی تەکنەلۆجیاو وە پەیوەندی بە فراوانبوونی شارنشینەوە هەیە، لە هەمان کاتدا بەدەست هێنانی کەل و پەل و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندی بە هێزی ئاستی گوزەران و ڕۆشنبیرەوە هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی ڕێگایەک یان زیاتر بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارەکە وەستاوە لەسەر توێژەران خۆیان کە چ ڕێگایەک بە کاردەهێنن بۆ دیاریکردنی هەرێمەکە لەگەڵ ئەوداواکاریانەی کە تو ێژینەوەکە پێوویستیەتی و داوای دەکات[1].

ئەو ڕێگایانەی کە بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

آ : ڕێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی (مەیدانی)

ڕێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بەکاردەهێنرێت لە دیاریکردنی هەرێمی شاردا کە دەتوانرێت ڕاستەوخۆ زانیاریەکان بەدەست بهێنرێت ئەمەش لەرێگەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ لەدانیشتوانی ئەو ناوچانەی وەک (شارۆچکەو گوندانەی)کەدەوری شارەکەیان داوە، بەشێوەیەک، ئایە خزمەتگوزاریەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە؟ وە ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەگاتە ئێوەچین؟ پەروەردەین تەندروستین ڕۆشنبیرین کۆمەڵایەتین و کارەباو ....هتد ئەو خزمەتگوزاریانە لەچ ئاستێک دان؟وەپرسیارکردن دەربارەی کەلوپەلەکانی ئەوشارە دەگاتە ئێوە؟

ناڕاستەوخۆ ئەویش لەرێگەی پرسیارکردن لەلێپرسراوانی بازاڕەکان یان لێپرسراوانی حانووتەکان ولێپرسراوانی فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی دەوڵەت وەک تەندروستی و پەروەردەو کارەبا...هتد وە بینینی تۆمارەکان و دیکۆمێنت و بەڵگەو داتاکانی فەرمانگە جۆراوجۆرەکان هەروەهاپرسیارەکان بە

[1] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافية المدن،ص٣٦٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەیەک کەلوپەلەکانی ئێوە لەچ شوێنێکەوە بۆتان دێت و دەتوانن تا دووری چەند وە تا چەند شوێن بیان گوازنەوە و بیان گەیەنە دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شار[1]

**ب:** ڕێگای بنچینەی سەرژمێری و بیرکاریەکان

دەتوانرێت سنوری هەرێمی شار بە پشت بەستن و بەبەکارهێنانی ڕێگای سەرژمێری بیرکاری و وە بەپشت بەستن بە هاوکێشەی بیرکاری کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە دیاری بکرێت کە زۆرێک لە توێژەران لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا پشتی پێ دەبەستن لەو ڕێگایانەش کە بەکاردەهێنرێت بریتیە لە چەند بیردۆزیک وەک ئەمانەی لای خوارەوە:

١- بیردۆزی فیتر fitter theory

٢- بیردۆزی ئاویتە بوون inter action theory

٣-بیردۆزی ڕاکێشانی (کێشکردنی ) بازرگانی تاک low of retail trade gravition

٤-بیردۆزی خاڵی پچڕان. Breaking pointtheory.

ئەمانەی ئاماژەمان پێ دان کۆمە لێک لە و بیردۆزو ڕێگا بیرکاریانەن کە لە دیاریکردنی هەرێمی شار بەکاردێن ، لەم توێژینەوەیەدا ڕێگای بیرکاری بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە ئەویش بە پشت بە ستن بە بیردۆزی خاڵی پچڕان ، ئامانج لە دیاریکردنی خاڵی پچڕان بریتیە لەوەی کە ئەو خاڵە شوێنی جیاکردنەوەی هەرێمی ئەو دووشارەیە کە لە ڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە جیاوازیان هەیە، واتا کاتێک ئێمە ئەو دوو خاڵەمان دیاریکرد زۆر بە ئاسانی دەتوانین سنوری کۆتایی هاتنی هەرێمی شارێک دەست نیشان بکەین وە سنوری دەست پێکردنی هەرێمی شارەکەی تریش دەست نیشان بکەین ، بەواتایەکی تر دیاری کردنی ئەو خاڵەی کە دەکەوێتە نێوان دووشارەکە بریتیە لە کۆتایی هاتنی سنوری هەرێمی شارێک و دەست پێکردنی سنوری هەرێمی شارێکی تر[2].

جێ بەجێ کردنی یاسای ڕایلی بۆ دیاریکردنی خاڵی پچڕان، کە بەکاردێت لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی هەردوو شارەکە بە گوێرەی ئەو یاسایەی لای خوارەوە[3].

دووری نێوان دووشارەکە (کم)

دووری خاڵەکە لەشارە بچووکەکە =

ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە

ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکەکە

+ ١

**نموونە:**[1]

**دووری خاڵەکە لە شارە بچوو**

٣٠٠٠٠

[1] مصدر نفسه، ص٣٦٣.

[2] محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن ،مبادئ و أسس و منهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠١٠، ص٢٧٢-٢٨٤.

[3] بروانە: أ: مصدر نفسه, ص٢٧٧-٢٧٨.

ب: كايد عثمان ابو صبحة ,جغرافية المدن,دار وائل للطباعة ,الاردن, عمان,٢٠٠٣,ص١٨٠-١٨١.

[1] بروانە: أ: محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن,,،المصدر السابق، ص٢٧٧-٢٧٨.

ب:مصدرنفسه، ص١٨٠-١٨١.


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)


١٠٠٠٠ + ١

دووری نێوان دوو شارەکە = ١٠٠کم

ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ٣٠٠٠٠کەس

ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکە ١٠٠٠٠ کەس

بەم شێوەیە سنوری هەردوو شار أ ، ب دەخاتە ڕوو




لە سەیرکردنی یاساکەی سەرەوە بۆت دەردەکەوێت لەدیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا پێویستت بە هەریەک لە ژمارەی دانیشتوان ودووری نێوان ناوچەی لێکۆڵینەوەو هەموو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری دەبێت، پاش ئەوەی کە داتاکان لە ڕێگەی ئەم بیردۆزەو پراکتیک دەکەیت وە لەرێگەی بە کارهێنانی بەرنامەی کۆمپیوتەری Gis دەتوانیت سنووری هەرێمی ئەو ناوچەیە وئاستی کاریگەریەکەی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دیاری بکەیت کە دەتەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەیت

**٢: پەیوەندی نێوان شارو هەرێمەکەی**

کاتێک باس لەپەیوەندیە هەرێمیەکانی شارێک دەکەین بۆمان دەر دەکەوێت کەوا چەندین جۆر پەیوەندی هەرێمی وەزیفی لەنێوان شارو ئەوناوچانەی کەدەورەی شارەکەیان داوە هەیە.

**ا: پەیوەندی ئابووری:**ئەم پەیوەندیە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی:

١- پەیوەندی بازرگانی : بازرگانی دادەنرێت بەگرنگترین ڕووخسارەکانی پەیوەندیە پیشەیەکانی نێوان شارو هەرێمەکەی ، بەشێوەیەک وەک ناوەندێک وایە بۆئەنجام دانی پەیوەندیەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی هەرێمێک لەگەڵ هەرێمێکی تر، هەروەها لەگەڵ هەموو ئەو گوندو شارۆچکە بچووکانەی


p-ISSN (2410-1036)		e-ISSN (2522-7130)

کە دەکەونە سنووری هەرێمی شارەکەوە. بەواتایەکی تر هەموو ئەو گوندو شارۆچکە بچووکانەی کە هەرێمی شارەکە لەخۆیان دەگرێت. بێگومان پەیوەندی بازرگانی شار لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەو دابین کردنی پێداوویستیەکانی دانیشتوانی گوند نشینەکان. لەڕاستیدا گوندنشینەکان و زۆرێک لە دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکان ڕۆژانە یان هەفتانە ماوەیەکی دیاریکراو دەبڕن بۆ گەیشتن بەشارەکە لەپێناوی کڕینی پێداوویستیەکان و ئەنجام دانی بازرگانی کردنی بەتاک و بە کۆمەڵ.[1]، ڕۆڵی بازرگانی لەشاردا یەکێکە لە ئامڕازەکانی تەواوکاری هەرێمی و لادێنشینی. لەڕاستیدا کۆکردنەوەو دابەشکردنی کە ل وپەل وکاڵاکان لەسنووری هەرێمی شاردا ، بەیەکێک لە ڕووخسارەکانی چالاکی هەرێمی هەژماردەکرێت، وە دانیشتوانی گوندنشینەکان دێنە شار بۆبەدەست هێنان و کڕینی پێداوویستیە ناوخۆیی و بیانیەکان کە ڕۆژانە پێویستیان پێیەتی ، وەزۆرێک لە بازرگانە گەورەکان کڕیارەکانیان بریتین لە گوندنشینەکان و دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکانی هەرێمی شارەکە،بێگومان ڕۆڵی شاربەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لەبازرگانی کردنی بەکۆمەڵ دەردەکەوێت[2]

٢- پەیوەندی پیشەسازی : پەیوەندیەکی ڕیشەیی بەهێزهەیە لەنێوان شارو هەرێمەکەی لەڕوانگەی پیشەسازیەوە، چونکە پیشەسازی لە شاردا هەمیشە پێویستی بە جۆری جیاوازی کەرەستەی جۆراوجۆرهەیە، کە هەندێکیان لە هەرێمی شاردان وەک کەرەستە کشتوکاڵیەکان خۆراکی ولۆکەو بەربوومی شیرو گۆشت ...هتد، لەهەمان کاتدا ئەم ناوچانە هێزی کار بەهەردووجۆری شارەزاو نەشارەزا بۆ چالاکی پیشەسازی دابین دەکات ،پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا پەیوەندیەکان لە زۆرێک لە وڵاتاندا بەشێوەیەک دەرکەوتون کەوا پیشەسازیەکان لەناوچە گوندنشینەکان دادەمەزران ئەمەش بەئامانجی سوودی زیاتر بە شوێنەکە وە کەمکردنەوەی نرخی تێچوونی زەوی باج هەروەها ڕێگەگرتن لە پیسبوونی هەوای شارو زۆرێک لە کێشەکانی تری شارەکە بەهۆی کارگە پیشەسازیەکانەوە لەشاردا دروست دەبن[1].لەڕاستیدا شۆڕشی پیشەسازی بوو بەهۆی کۆبوونەوەی دانیشتوان لە شارەکاندا،بەشێوەیەک شارەکان بوونە سەنتەرێک بۆ کارکردن. بێگومان لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی و زیادبوونی ژمارەی کارگەکان لەشارەکاندا وە زیادبوونی هێزی کار بەهۆی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شار بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا ئەمەش بوو بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانی شار لەسەر حسابی دانیشتوانی گوندەکان وگەشەکردنی پیشەسازی و بەرفراوانبوونی پەیوەندیە هەرێمەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری[2].

٣- پەیوەندی کشتوکاڵی

لەچوارچێوەی سنوری هەرێمی شاردا جگە لەو پەیوەندیانەی کە پێشترباسمان کردپەیوەندی کشتوکاڵیش لە نێوان شارو هەرێمەکەی دا بەیەکێک لە پەیوەندیەکانی تردا دادەنرێت، بێگومان گەشەکردنی شار پەیوەندی بە بوونی بڕی بەرهەمی خۆراکی زیادە وە هەیە ، لەهەمان کاتدا

[1] بێستون احمد حسێن،دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی بیردوزی خاڵی پچران،سەرچاوەی پیشو،ل٢٥٣.

[2] عرب دعكور,تاريخ المجتمع الريفىو المدنى ,دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع, بيروت, ٢٠٠٤,ص١٧٧.

[1] بروانە: أ: عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المكتب الجامعى الحديث، يمن تعز، ٢٠٠٨، ص١٥١- ١٥٢ ب:بيان علىحسين,تحديد اقليم مدينة السليمانية,(حسب نضرية نقطة قطع)مجلةجامعةالسليمانية,العدد,٢٣ ,ص٢٣٠

[2] عبدالله عطوى، جغرافية المدن الجزء الآول، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠١، ص٢٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لادێکانیش هەمیشە وەک سفرەی ڕازاوەی شارەکان تەماشادەکرێت بەجۆرێک کەلادێکانیش بەرپرسی سەرەکی و یەکەمین لە دابینکردنی کەرەسەی خۆراکی و کەرەستەی کشتوکاڵی و بەرهەمی ئاژەڵی شارەکان[٣]هەروەها شارەکان وەک بازاڕێکی گەورەی بەکارهێنانی خۆراک دەناسرێن لەدابینکردنی پێداویستیەکانی شار لە کەرەستەی خۆراکی بەڕێژەی زۆر ئەمەش پەیوەندیەکی بە هێز دروست دەکات لەنێوان بە رهەمی هەرێمەکە و پێداوویستیەکانی بازاڕی شار[٤]، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵنەرێک و پاڵپشتێکی باشی کشتوکاڵی بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەمی و پێشکەتوو بەتایبەت لەو زەویانەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەوری شارەکەیان داوە وتەرخانکراون بۆ کشتوکاڵ و سەوزایی میوەو بەرهەمهێنانی بەرهەمە ئاژەڵیەکان وەک گۆشت و سپایی و شیرکەڕۆژانە دانیشتوانی شار پێویستیان پێیەتی،[٥]ئەمەش جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان شارو ناوچەکانی دەوروبەری.

**ب / پەیوەندی دانیشتوان**

سەبارەت بە پەیوەندی هەرێمی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری لە ڕوانگەی پەیوەندیەکانی دانیشتوان، هەمیشە شار لەناو چوارچێوەی سنوری هەرێمەکەی دا وەک جەمسەرێکی ڕاکێشان کاردەکات، بەشێوەیەک بەردەوام شار سەنتەرێک بووە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان ئەو گوندانەی کە دەوری شارەکەیان داوە ، لەڕاستیدا ئەو پەیوەندیەی کە شار لە ڕوانگەی دانیشتوانەوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیانە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر :

١- کۆچ کردن لەلادێکانەوە بۆ شار

٢- هاتوچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە شاردا.

١- کۆچکردن لەلادێ کانەوە بەرەو شارەکان :

بەنسبەت کۆچکردن لەم ڕۆژگارەدادیاردەیەکی جیهانیە وکۆنەو هەمیشە شارەکان بۆگەشەکردنیان پشتیان بەدانیشتوانی گوندنشینەکان بەستووە[١]، لە ڕاستیدا کۆچکردنی دانیشتوان زادەی ئەمرۆ دوێنێ نیە بەڵکو دیاردەیەکی دێرینە و لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدابووە ئەم دیاردەیە هەرهەبووە[٢].لەم ڕوانگەیەوە جوڵانەوەی مرۆڤ بەتایبەت کۆچکردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان، یەکێکە لەو هۆکارە تایبەتیانەی کە ئاڕاستەی گەشەکرنی دانیشتوان دیاری دەکات[٣]، هەروەها

---

[٣]نفس مصدر، ص٢٥.

[٤]بروانە: أ: عرب دعكور، تأريخ المجتمع الريفي والمدني، المصدر السابق، ص١٧١-١٧٣.

ب: محمد وەتمان محمد, دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بە پێی بیردوزی خاڵی پچڕان،سەرچاوەی پیشوو،ل٣٥٥.

[٥]عبداللة عطوی، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٥.

[١]عبدعلي الخفاف ومحمد صالح المرسومي، المبادئ العامة لجغرافيا المدن، دار الكندي للنشروالتوزيع، ٢٠٠٠، ص١٦٥

[٢]خليل اسماعيل محمد، کۆچی توانا زانستیەکان لە هە رێمیکوردستانی عیراقدا،لیکۆلینەوەیەک دەربارەی سلێمانی ,گۆڤاری سەنتەری لیکۆلینەوەیستراتیجی, سلێمانیژمارة ( ٣ ) سالیسیانزەهەم ٢٠٠٢. ل٥-٦.

[٣]خەلیل ئیسماعیل محمد، کێشەیکوردلە نێوان حەقیقە تە مێژوویەکان واقیعی جوگرافیایی ناوچەکەدا،جیۆستراتیژی کوردستانی عێراق، و: لە عەرەبیەوە، ماجید نوری،چاپخانەی ،ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١،ل٥١.

کۆچکردن لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان دیاردەیەکی تازەنیە هەمیشە شارەکان پشت بە دانیشتوانی گوندەکان دەبەستن، چونکە گوندەکان تەنها پێداویستی و خۆراک بۆ شارەکان دابین ناکەن، بەڵکو هێزی دووەمن لە دابینکردنی دانیشتوان بۆ شارەکان ئەمەش لەرێگەی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان دەکرێت[٤]

بێگومان کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە وەک دۆزینەوەو گەڕان بەدوای هەلی کارکردن و بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریەکان لەئاستێکی باشتردا و بەرجەستەکردنی خۆشگوزەرانی کەلە گوندەکانیان ناتوانن بەدەستی بهێنن، لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ئەم جۆرە کۆچ کردنە دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری ئابوری و سیاسی کەزۆرێک لەووڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی تازە گەشەسەندووەکان ڕووبەڕووی بونەتەوە[٥].

٢- هاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە شاردا:

هاتووچۆکردنی ڕۆژانەی دانیشتوان بەرەو شوێنی کارکردن لەسنوری شاردا وەیان لەنێوان بەشە جیاوازەکانی هەرێمی شارەکەدا جۆرێکە لەجۆرەکانی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی، ئەم جۆرە هاتووچۆکردنەی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە نێوان بەشە جیاوازەکانی شار وەیان لە گوندەکان و شارە بچووکەکانی چوارچێوەی هەرێمەکەی دا بەرەو شار ڕوودەدات، ئەمە جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی، بێگومان ئەم جۆرە هاتووچۆکردنە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆپێشکەوتنی تۆڕەکانی هاتووچۆ کە ماوەی نێوان شوێنی نیشتەجێ بوون و شوێنی کاری کرێکاری کەم کردۆتەوە ، لەهەمانکاتدا نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە نزیک شوێنی کارکردنەکەی هەروەها قەیرانی نیشتەجێبوون بەهۆی نەبوونی یەکەی نیشتەجێ بوونی پێویست بۆ دانیشتوان ، بۆیە پێویستە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو کەسانەی کە لەشاردا کاردەکەن دابین بکرێت یان دابینکردنی ڕێگای گواستنەوەی ئاسان و سەلامەت وخێرا بە نرخێکی کەم تاکو بتوانن بە ئاسانی بگەنە شوێنی نیشتەجێبوون وکارکردنی خۆیان. لە ڕاستیدا هاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن دەکرێت بە دوو جۆرە: [١]

آ- کۆچی دانیشتوانی شارە گەورەکان لە دڵی شارەوە بەرەو ناوچەکانی لێوارو کەناری شار بەمەبەستی بەدەست هێنانی ژیانێکی ئارام و خۆش و نیشتەجێ بوون لە خانوو یەکەی نیشتەجێ بوونی شیاو گونجاو بۆ ژیان ئەم جۆرە کۆچکردنە لەدڵی شارەوە بەرەو لێواری شار جۆرێکە لە کۆچی ئارەزوومەندانە

ب- ڕۆیشتن بەرەو کارکردن لە بەیانی دا و گەڕانەوە لە ئێواراندا.

ئەم جۆرە هاتوچۆکردنە لەشارە گەورە پیشەسازیەکان زیاتر بووونی هەیە ، بەشێوەیەک ئەم شارانە هێندە گەورەن لەڕووی ڕووبەرو قەبارەی دانیشتوانەوە بەجۆرێک ژیان تیایاندا جەنجاڵە هەربۆیە بەهۆی جۆراوجۆری پیشەکان لەو شارانەدا رۆژانە هەزاران کرێکار بەمەبەستە جیاجیاکان لە شارەوە

[٤]نیس. هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد غلاب، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٤١.

[٥]عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢- ١٥٣.

[١]بروانە : أ: خالص حسنى الاشعب ,اقليم المدينة (بين التخطيط الاقليمى و التنمية الشاملة ) بيت الحكمة ,مطابع التعليم العالى , ١٩٨٧ ، الموصل, ص ١٧٦.

ب- عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢- ١٥٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕوو لەشوێنی کارکردنیان لەکارگەکان دەکەون وە دەگەڕێنەوە ، بێگومان ئەم کرێکارانە ڕوودەکەنە لێوارو کەناری شار کە چەندین کارگەی جۆراو جۆریان تێدایە یان ڕوودەکەنە ئەو کارگەو دامەزراوانەی کە بەدرێژایی ڕێگاکانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن و ڕووبارە هێڵەکانی گواستنەوەی شەمەندەفەر درێژبوونەوە.

**پ / پەیوەندی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری**

شار ناوەندێکی کارگێڕیە بۆ دانیشتوانی شارو ئەولادێیانەی کە دەوری شارەکەیان داوە، ئەم پیشەیە کە ناسراوە بە پیشەی کارگێڕی، بێگومان دانیشتوانی لادێکان و ئەو شارۆچکە بچووکانەی کە دەکەونە سنوری هەرێمی شارەکە ڕۆژانە سەردانی دامەزراوە و فەرمانگە کارگێڕیەکانی دەوڵەت دەکەن لەشاردا بەمەبەستی ڕایکردنی مامەڵەکانیان لە هەمانکاتدا پەیوەندی ڕۆشنبیریش لەنێوان شاروهەرێمەکەیدا هەیە،ئەمەش وەکو زانکۆو پەیمانگاکان وخوێندنگەکان لەگەڵ ئەو نووسینگانەی یان دامەزراوە فێرکاریانەی کە دانیشتوانی لادێ نشینەکان و ئەو ناوچانەی کە دەوری شارەکەیان داوە یان دەکەونە سنوری هەرێمی شارەکە سوودیان لێ وەردەگرن، هەروەها لە شاردا چەند یانەو شانۆ و خانەی ڕۆشنبیری هەیە کە جیاواز لەبواری خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیری پێشکەش دەکەن بە شێوەیەک کەدانیشتوانی شارو گوندنشینەکان زۆر جار لەسەر دانەکانیان سەردانی ئەو دامەزراوەو بنکە ڕۆشنبیریانە دەکەن و تیادا کۆدەبنەوە[1].

شار ناوەندێکە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆییەکان کە هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی گوندنشینەکان و دروستکردنی پردی پەیوەندی کردن لەنێوان گوند نشینەکان و شاردا لەگەڵ ئەوەشدا بوونی پەیوەندی هەرێمی نێوان شارو ئەو ناوچانەی کە دەوری شاریان داوە لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرانەی کە شارەکە پێشکەشی ناوچەکانی دەوربەری دەکات دادەمەزرێن لەو خزمەتگوزاریانە وەک زانکۆو تەندروستی و پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی هتد...، بەشێوەیەک کەهەریەک لەو خزمەتگوزاریانە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە وێنای پەیوەندیەکانی شار لەگەڵ هەرێمەکەی دا دەکێشی وە سنوری کاریگەری خۆی هەیە واتا هەریەک لەو خزمەتگوزاریانە تاکو چەند ناوچەیەک کە شارەکە پێشکەشی دەوربەرەکەی دەکات خزمەت بەدانیشتوان بکات و پێداویستیەکانی دانیشتوان پڕ بکاتەوە کاریگەری هەتاکو ئەو شوێنە دەڕوات و سنورەکەی لەو شوێنە کۆتایی دێت [2].

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەبڵێین بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار چەند ڕێگایەکی لەیەکترجیاواز هەیەکە توێژەران بەکاری دەهێنن، وەک ڕێگای کێومالیۆڕێگای بیرکاری کەپشت بەبیردۆز وهاوکێشەبیرکاریەکان دەبەستێت، وە بۆمان دەرکەوت کە توێژەران ئازادن لەدیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا چ ڕێگاو شێوازێک بەکاردەهێنن، لەهەمان کاتدا بۆمان ڕوون بووە شار ناتوانێت بەتەنها دوور لەناوچەکانی دەوروبەری بژی، بەڵکو شار چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری دیمۆگرافی و بازرگانی و کارگێڕی و ڕۆشنبیری و پیشەسازیو .....هتدلەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی هەیە کەبوونەتە هۆکاری گەشەکردنی شاروەبەپێچەوانەوە شاریش بۆتە ناوەندێک بۆ خزمەتکردنی گوندو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری.

---

[1]صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٧٨-٣٧٩.

[2]بروانە: أ: مصدر نفسە، ص٣٧٧.

ب: جمال حمدان ,جغرافیة ,المدن, عالم الکتب, الطبعة الثانیة, القاهرة، ١٩٧٧ ,٣٢٧-٣٢٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**تەوەرەی دووەم:دیاریکردنی سنووروکاریگەری هەرێمی شاری ڕانیە**

لێرەدا هەوڵدەدەین بەگوێرەی هەریەک لە وەزیفە جیاوازەکانی شاری ڕانیە وەک (کارگێڕی، تەندروستی ،گواستنەوە، پەروەردە ، بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان لەگەڵ وەزیفەی بازرگانی بە هەردووک جۆری بازرگانی تاک وبەکۆمەڵ )سنوورو شێوە و ئاستی کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر شاروشارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری دوور لە شارەکە دیاری بکەین:

**باسی یەکەم: هەرێمی وەزیفەی کارگێڕی شاری ڕانیە**

ڕۆڵیوەزیفەی کارگێڕی بەیەکێک لەکۆنترین ڕۆڵەکانی شار دادەنرێت ویەکێکە لەوەزیفە گرنگ وپێویستییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی شارو هەرێمەکەی،[1] هەر بۆیە وولاتان بوونی وەزیفەی کارگێڕی لەشاردا بەیەکێک لەبنەماکانی ناساندنی شار ناودەبەن[2]. شار خزمەتگوزاری کارگێڕی پێشکەش بەهەرێمەکەی دەکات، لەڕووی کارگێڕییەوە شارەکان پلەبەندیان جیاوازە ،بەجۆرێک سەنتەری پارێزگاکان پلەی کارگێڕیان بەرزترە لەسەنتەری قەزاکان دواتر سەنتەری ناحیەکان دێن،لەبەرئەوەدامەزراوە کارگێڕیەکان بەگوێرەی بەرزی پلەی کارگێڕییان دابەش دەبن، بە شێوە یەک زۆربەی دامەزراوە گرنگ وکاریگەرەکان دەکەونە سەنتەری پارێزگاو قەزاکان، بۆیە تاشار پلەی کارگێڕی بەرزتر بێت کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری زیاترو فراوانتر دەبێت، واتە پەیوەندی هەرێمی بەرفراوانتردەبێت وە بەپێچەوانەوەتاپلەی کارگێڕی شاربچوکتر بێت کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری کەمتر دەبێت[3].

وەزیفەیکارگێڕیلەشاری ڕانیەلەدیارترینی ئەووەزیفانەیە کەشارەکەپێشکەشی دانیشتوانەکەیوهەرێمەکەیدەکات،ئەمەش بەتایبەتی لەوکاتەوەی کەپلەی کارگێڕیەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هات وبەرزبۆوە بۆسەنتەری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕین،سەبارەت بەکاریگەری وەزیفەی کارگێڕی ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی لەبەرئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەک سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە لەلایەکی تریشەوە سەنتەری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕینە[4]ئەمەش بوتە هۆی ئەوەی شارەکە ببێتە ناوەندێک بۆکۆبوونەوەی دامەزراوەکارگێڕیە گرنگەکانلەشێوەی بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی وەک(تەندروستی، پەروەردە، ،شارەوانی، کارەبا، ئاو، ژینگە و گەشت و گوزارو خوێندنی باڵا ... هتد).

بێگومان بوونی ئەم دامەزراوە کارگێڕیانە لەشاری ڕانیە وەک ناوەندی کارگێڕی ئیداری ڕاپەڕین گرنگی خۆی هەیە، گرنگییەکەش لەوەدایە:

---

([1]) فتحی محمد أبوعیانە، جغرافیة العمران، دار المعرفة الجامعیة، الأسکندریة، ١٩٩٦، ص٢٧٥ .

([2]) عبدالله عطوی، جغرافیة المدن، المصدر السابق ، ص١٥ .

([3]) محسن عبدالصاحب المظفر و عمر الهاشمی یوسف، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٢٦٣ .

([4]) پاشکۆی ژمارە ( ١).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- بەهـۆی بـوونی ئەو دامەزراوە کـارگێڕیە گرنـگ و کـاریگەرانەی کە پێشـتر ئاماژەمـان پێدان بـۆتە کارئاسـانیەک بـۆپڕکردنەوەی پێداویسـتیوداواکاریەکانی دانیشـتوانی ئیـدارەی ڕاپەریـن کە هەردووک قەزای ڕانیە وپشدەرلە خۆدەگرێت کەژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٤٦٧٤١)[٥]کەسە.

٢- گرنگیەکی تری ئەوەیە کەشاری ڕانیە لەڕووی کارگێڕیەوە توانیویەتی خزمەتگوزاری کارگێڕی پێشکەشی سنوورێکی بەرفراوان بکات کە پێک دێت لەهەردووک قەزاکانی ڕانیەو پشدەر وەک دوو گەورەترین قەزا لەسنووری پارێزگای سلێمانی کە یانزە ناحیە لەخۆ دەگرێت.

٣- لەڕووی کاروبارە کارگێڕیەکانەوە بۆتە کارئاسانیەک بۆ کەمکردنەوەی فشارو پاڵەپەستۆ لەسەر شاری سلێمانی وەک سەنتەری پارێزگای سلێمانی لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە باسمان کرد دەکریت بڵێین پەیوەندی هەرێمی وەزیفەی کارگێڕی لەنێوان شاری ڕانیەو هەرێمە کارگێڕیەکەدا واوەسف بکرێت کەپەیوەندیەکی گرنگ وپێویستە.بەمەبەستی خستنەڕووی کاریگەریکارگێڕی شاریڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی، لەم چوارچێوەیەدا هەستاین بەتەماشاکردنی تۆماری سەرەکی نوسراوەکان کە لەیەکە کارگێڕیە جیاجیاکانی سەر بەئیدارەی ڕاپەڕین ئاڕاستەی شارەکە کراوە هەروەها لەلایەن شاری ڕانیەشەوە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ کراوە بریتیە لە (١٣٩٩) نوسراو، بەپێچەوانەوە (٢٢٨٧) نوسراویش لەئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ ئاڕاستەی شاری ڕانیە کراوە[٦]، هەموو ئەو نوسراوانە بەمەبەستی پڕکردنەوەو جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی دانیشتوانی هەرێمە کارگێڕیەکەی شاری ڕانیەن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کەهەردووک قەزای ڕانیەو پشدەر بەسەرجەم ناحیەکانیانەوە لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر ئاماژەیەک بەسنوری درێژبوونەوەی هەرێمی کارگێڕی شاری ڕانیە بکەین بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە(١) بۆمان دەردەکەوێت سنورو کاریگەری وەزیفەی کارگێڕی شارەکە، هەریەک لە ناحیەکانی (سەنتەر، سەرکەپکان ، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بیتواتە) لەسنوری قەزای ڕانیە لەگەڵ ناحیەکانی قەڵادزێ ، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە لەقەزای پشدەرلەخۆ دەگرێت


---

[٥]حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستی ئاماری هەرێم بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە،بەشی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ، ساڵی ٢٠١٦، (داتای بڵاونەکراوە).

[٦]حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦.(داتای بڵاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## نەخشەی ژمارە (١)
## هەرێمی وەزیفەی کارگێڕی شاری ڕانیەساڵی٢٠١٦




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ونەخشەسازی سلێمانی ،نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، ساڵی ٢٠١٦.

٢-پاشکۆی ژمارە( ١ )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی خزمەتگوزاریە کارگێڕییەکەی درێژببێتەوەو بگاتە هەریەک لەشاروشارۆچکەکانی وەک (ڕانیە،سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە) لەقەزای ڕانیە، لەگەڵ (قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ ، ئیسێوە) لەسنوری قەزای پشدەر، ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کەشاری ڕانیە لەڕووی وەزیفەی کارگێڕیەوە توا نیویەتی سنورێکی هەرێمی کارگێڕی بۆخۆی دروست بکات کەسنوری ئەو هەرێمە کارگێڕیە لەباکورەوە درێژ دەبێتەوە تاسنوری پارێزگای هەولێر، لەڕۆژئاواشەوە درێژ دەبێتەوە تا سنوری قەزای کۆیە لەپارێزگای هەولێر، هەوەها لەڕۆژهەڵاتیش سنوری هەرێمی کارگێڕی ڕانیە دەگاتە سنوری وولاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دراوسێ،لەبەشی باشوریشەوە تادەریاچەی دوکان لەسنوری قەزای دوکان درێژدەبێتەوە لەپارێزگای سلێمانی، بڕوانەنەخشەی ژمارە(١) پێشوو،لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەبڵێین شاری ڕانیە لەڕووی وەزیفەی کارگێڕیەوە توانیویەتی کاریگەری بکاتە سەر شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، و خزمەتگوزاری کارگێڕیان بۆ دابین بکات، و سنورێکی کارگێڕی تایبەت بەخۆی دروست بکات، کە بۆتە بنەمایەک و نەخشەیەک بۆ ئەنجام دانی کاری پلان دانان و پەرەپێدان لەناوچەکەدا.

**باسی دووەم: هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیە:-**

**١: هەرێمی وەزیفەی تەندروستی بەگوێرەی (نەخۆشخانەی گشتیڕانیە،کێوەڕەش،منداڵبوون و نۆرینگەکانی پزیشکی)**

خزمەتگوزاری تەندروستی بەیەکێک لەپێداویستیە بنچینەیی و گرنگەکانی کۆمەڵگە دەژمێردرێت، هەربۆیە وولاتان گرنگی بەو جۆرە خزمەتگوزاریە دەدەن[٧]،خزمەتگوزاری تەندروستی دیارترین وباوترینی ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە شار پێشکەشی دانیشتوانەکەی و هەرێمەکەی دەکات، و پێوەرێکی گرنگە بۆ ژیانی شارو هەرێمەکەی، چونکە پەیوەندی تەواوی بەژیانی دانیشتوانەوە هەیە بەتایبەت لەوسالانەی دوایی‌دا ئەمەش بەهۆی خێرایی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان وبڵاوبوونەوەو سەرهەڵدانی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان کاریگەری کردۆتە سەر تواناکانی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە لەشارەکاندا[٨]ئەگەر ئاماژەیەک بەکاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی  شاری ڕانیە بکەین لەسەر شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری و دوورلەخۆی، دەبینین شاری ڕانیە پاڵپشت بەدامەزراوە تەندروستییەکانی وەک نەخۆشخانەکانی ( گشتی ڕانیە، منداڵبوون، کێوەڕەش، لەگەڵ نۆرینگەکانی پزیشکی کەژمارەیان (٥٧) نۆرینگەیە و بەسەرشارەکە دابەشبون،ناوچەی لێکۆڵینەوەتوانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی دانیشتوانی شاری ڕانیەو ناوچەکانی دەوروبەری بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دامەزراوە تەندروستیەکانی شـاری ڕانیە بەهەمـوو جـۆرەکانیانەوە ڕۆڵیـان هەیـە لـە درێژبوونەوەی سنوری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە تا ڕووبەرێکی

---

(٧) فاطمة قادر مصطفى، الخدمات الصحية في محافظة أربيل بإقليم كردستان العراق (دراسة في جغرافية الخدمات)، اطروحە دكتوراة، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ٢٠١٥، ص٣-٤ .

(٨) على لفته سعيد، إيمان عبدالحسين شعلان، تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في مدينة الحيدرية (دراسة في جغرافية المدن)، مجلة البحوث الجغرافية، العدد (١٩) بدون سنة الطبع، ص٣١٩ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محسن عبد على، رياض كاظم الجميلي، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، المؤسسة الحديثة الكتاب، لبنان، ط١، ٢٠٠٩، ص١٢٥-١٣٤.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەرفراوانی دوور لەشارەکە[٩].لێرەدا هەوڵ دەدەین پاڵپشت بەژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە لەشارو شارۆچکەو گوندو ناوچە جیاجیاکانەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەخزمەتگوزاری تەندروستی سەردانی دامەزراوە تەندروستیە جۆراوجۆرەکانی شارەکە یان کردووە،بەهەردووک جۆری حکومی و ئەهلی، دەتوانین سنوری هەرێمی خزمەتگوزاری وەزیفەی تەندروستی لەشاری ڕانیە دیاری بکەین، کە تا چ شارو شارۆچکەیەک درێژ دەبێتەوە، و لەکوێدا کۆتایی دێت؟

شاری ڕانیە لەڕێگەی خزمەتگوزاریە تەندروستیە جۆراوجۆرەکانی وەک (چارەسەرکردن و نەشتەرگەری جۆراوجۆر وپێدانی دەرمان وتیشک و سۆنەر، پشکنین و شکاندنی بەردی گورچیلەو غەسلی گورچیلەو ئیکۆی دڵ ...هتد) کە لەڕێگەی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان و بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێ بوونی نەخۆشەکان (سەردان کەران)، ئەتوانین ئەوە بخەینە ڕوو کەوا خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە کاریگەری تەواوی بەسەر شارو شارۆچکەکانی دەوروبەرو دوورلەخۆی دروست کردووە[١٠].

بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت سنوری کاریگەری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕانیە پاڵپشت بەژمارەی ئەو نەخۆشانەی کەسەردانی هەریەک لەنەخۆشخانەکانی(گشتی ڕانیە،منداڵبوون، کێوەڕەش ،نۆرینگەکانی پزیشکی)یان لەشاری ڕانیە کردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە سنوری کاریگەری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە تەواوی قەزای ڕانیە بەهەموو ناحیەکانیەوە وەک ناحیەکانی (سەنتەر، سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە)،هەروەها ئاستی کاریگەری ئەم خزمەتگوزاریە لەشاری ڕانیە دەگاتە قەزای پشدەریش بەسەرجەم ناحیەکانیەوە وەک(سەنتەر، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ،ئیسێوە) لەهەمان کاتدا کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی ڕانیە درێژدەبێتەوە بەئاڕاستەی قەزای دوکان،بەڵام تەنها هەردووک ناحیەی بنگرد وخدران دەگرێتەوە.بێگومان ئاستی کاریگەری شاری ڕانیە لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی ترجیاوازە،ئەگەر ئاماژەیەک بەئاستی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بکەین، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (١( أ)) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە لەسەر ئاستی نەخۆشخانەکانی گشتی ڕانیەو کێوەڕەش ومنداڵبوون توانیویەتی بەپلەیەکەم زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانی ناحیەکانی سەر بەقەزای ڕانیە بکات بەسەرجەم گوندو شارۆچکەکانیەوە بەجۆرێک نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەڕێژەی زیاترلە٦٥% ومنداڵبوون بەڕێژەی ٦١%هەروەها نەخۆشخانەی کێوەڕەش بەڕێژەی ٦٨%، هەروەها بەپلەی دووەم شاری ڕانیە توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی ناحیەی قەڵادزێ(سەنتەر) بکات لەقەزای پشدەر، بەشێوەیەک نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەڕێژەی ٩% بووە، نەخۆشخانەی منداڵبوون بەڕێژەی زیاترلە١٠%هەروەها نەخۆشخانەی کێوەڕەش ٥%،وکەمترین کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی ئەم خزمەتگوزاریەوە پێشکەشی دانیشتوانی ناحیەکانی (هەڵشۆ، هێرۆ و ئیسێوە) کراوە لەقەزای پشدەر لەسەر ئاستی هەر سێ نەخۆشخانەکە بەڕێژەی زیاترلە٢%، بەڵام لەسەر ئاستی نۆرینگەکان بەسەرنج دان لە خشتەی **ژمارە(١(ب))**بۆماندەردەکەوێت ڕێژەکان

---

[٩] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦ ،( داتای بڵاونەکراوە).

[١٠] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦.،(داتای بڵاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گۆرانکاریان بەسەردادێت،بەجۆریک لەسەرئاستی گشت نۆرینگەکان زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانی قەزای ڕانیە کراوە، بەجۆرێک نۆرینگەی هەناوی بەڕێژەی٦١% وەمندالاَن ٧٤% ، ئافرەتان٥٧% پێست٦٨% ددان١٠٠% گورچیلە نزیکەی٥٨%وەکەمترین خزمەتگوزاری، تەندروستی لەلایەن نۆرینگەکانی شاری ڕانیە پێشکەشی ناحیەکانی (هەڵشۆ،هێرۆ،ئیسێوە،)لەقەزای پشدەر کراوە بەشێوەیەک لەسەر ئاستی سەرجەم نۆرینگەکانلەهەرسێ ناحیەی ناوبراو ڕێژەکەی لە نێوان(٢% - ٣%) یە، لەڕاستیدا هۆکارەکانی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە لەسەر هەریەک لەقەزاکانی (ڕانیە، پشدەر،دوکان) دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک کەبریتین لەمانەی خوارەوە[11]:

١- شاری ڕانیە لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە وەک ناوەندێکوایە بۆشاروشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، بەواتایەکی تر شوێنی شارەکە گۆشەگیرنیە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢) پێشوو.

٢- دابین کردنی فریاکەوتنی خێرایی وەک ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتن بۆ حاڵەتی کتوپڕ لەلایەن نەخۆشخانەی گشتی ڕانیەو منداڵبوون کەدەتوانرێت بگاتە سەرجەم شارو شارۆچکەو گوندەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەهەردووک قەزای ڕانیەو پشدەر.

٣- بوونی دکتۆری پسپۆڕ لەزۆرێک لەبوارەکاندا بەتایبەت نەشتەرگەری وهەناوی.

٤- بوونی هۆڵی نەشتەرگەری گونجاو لەنەخۆشخانەی گشتی ڕانیەو منداڵبوون.

٥- گەیاندنی نەخۆشە کتوپڕەکانی دەوروبەری ڕانیە بەکاتێکی گونجاولەڕێگەی نەخۆشخانەکانی گشتیومنداڵبونیڕانیە بەرەوشاری سلێمانی،کاتێک نەتوانرا نەخۆشەکان لەڕانیە چارەسەر بکرێت.

(11) أ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە)..


ب- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەیمنداڵبوون ، بەشی ئاماروپلان، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە (٢)**

**هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی نەخۆشخانە حکومیەکان**

**٢٠١٥ - ٢٠١٦**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، ساڵی ٢٠١٦ ، بەپێوەری، ١: ١٨٥٠٠٠

٢- خشتەی ژمارە(١) ( أ و ب )

**خشتەی ژمارە (١) أ**

**هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی نەخۆشخانە حکومیەکان**

**٢٠١٥ - ٢٠١٦**

| قەزا | ناحیە | نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە | | نەخۆشخانەی کێوەڕەش | | نەخۆشخانەی منداڵبوون | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ڕانیە | ڕانیە | ٧٠٥٩ | ٤١.٩ | ١٠٨٦ | ٥٠.١ | ٦٨٢٢ | ٤٥,٢ |
| | حاجیاوا | ١٣٤٦ | ٨.٠ | ١٧٣ | ٨.٠ | ١١١٥ | ٧,٤ |
| | چوارقورنە | ١١٧٧ | ٧.٠ | ١٥١ | ٧.٠ | ٩٥٦ | ٦,٤ |
| | سەرکە پکان | ٨٤١ | ٥.٠ | ١٣٥ | ٦ | ٧٣٩ | ٤,٩ |
| | بیتواتە | ٦٠٤ | ٣.٦ | ١٠٨ | ٥.٠ | ٦٣٧ | ٤,٢ |
| پشدەر | قەلادزی | ١٥١٤ | ٩.٠ | ١٠٨ | ٥.٠ | ١٥٩٣ | ١٠,٦ |
| | سەنگەسەر | ٧٧٣ | ٤.٦ | ٨٦ | ٤.٠ | ١٠٥٠ | ٧ |
| | زاراوە | ٥٠٤ | ٣.٠ | ٧٧ | ٣.٦ | ٧٩٦ | ٥,٣ |
| | هەلشۆ | ٣٧٠ | ٢.٢ | ٤٣ | ٢.٠ | ---- | ---- |
| | هیرو | ٤٠٤ | ٢.٤ | ٦٥ | ٣.٠ | ---- | ---- |
| | ئیسیوە | ٣٣٦ | ٢.٠ | ٤٣ | ٢.٠ | ---- | ---- |
| دوکان | بنگرد | ١٤٤٦ | ٨.٦ | ٩٤ | ٤.٣ | ٨٩٢ | ٦ |
| | خدران | ٤٥٤ | ٢.٧ | ---- | ---- | ٤٧٨ | ٣.٠ |
| کۆی گشتی | | ١٦٨٢٨ | ١٠٠ | ٢١٦٩ | ١٠٠ | ١٥٠٧٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە:أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی،گشتی ڕانیە، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی، کێوەڕەش ، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بلاونەکراوە)

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نە خۆشخانەی ژنان ومنداڵبوونی ڕانیە ، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

## خشتەی ژمارە (١) ب

## هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی نۆرینگەکان ٢٠١٥ – ٢٠١٦

| قەزا | ناحیە | نۆڕینگەی هەناوی | | نۆڕینگەی ددان | | نۆڕینگەی پێست | | نۆڕینگەی ئافرەتان | | نۆڕینگەی منداڵان | | نۆڕینگەی گورچیلە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ڕانیە | ڕانیە | ٢٨٨٥ | ٣٦ | ٣٧٣٨ | ٦٦ | ٤٢٨٧ | ٤٤.٠ | ٢٢٦٥ | ٢١٠ | ٣٠٦٩ | ٤٢ | ٣٦٦٥ | ٣١ |
| | حاجیاوا | ٨٢٢ | ١٠.٣ | ٧٥١ | ١٣.٢ | ٧٧٩ | ٨ | ١٢٩٤ | ١٢ | ٨٠٣ | ١١ | ١١٨٢ | ١٠ |
| | چوارقونە | ٥٦١ | ٧ | ٥٥٣ | ٩.٨ | ٥٨٤ | ٦ | ١٠٧٨ | ١٠ | ٦٥٧ | ٩ | ٩٤٥ | ٨ |
| | **سرکە پکان** | ٣٤٧ | ٤.٣ | ٣٣٩ | ٦ | ٤٧٢ | ٤.٨ | ٩٧٧ | ٩ | ٣٣٤ | ٤.٦ | ٥٧٩ | ٤.٩ |
| | بیتواتە | ٣١٩ | ٤ | ٢٨٣ | ٥ | ٥٢٩ | ٥.٤ | ٥٣٩ | ٥ | ٥٨٤ | ٨ | ٥٧٤ | ٤.٩ |
| پشدر | قەلادزی | ٨٦٠ | ١٠.٧ | ---- | --- | ١٣٦٦ | ١٤ | ٨٧٨ | ٨ | ٣٠٥ | ٤.٢ | ١٥٣٦ | ١٣ |
| | سەنگەر | ٤٥٣ | ٥.٧ | ---- | --- | ٣٤٩ | ٣.٦ | ٦٦٨ | ٦.٢ | ٤١٥ | ٥.٧ | ٦١١ | ٥.٢ |
| | ژاراوە | ٢٤٥ | ٣.١ | ---- | --- | ٣٤٢ | ٣.٥ | ٤٣٢ | ٤ | ٢٩٧ | ٤.١ | ٣٧٠ | ٣.١ |
| | هەلشۆ | ٢٢٧ | ٢.٨ | ---- | --- | ---- | ---- | ٣٢٣ | ٣ | ---- | --- | ٤٠٨ | ٣.٤٥ |
| | هیرو | ٢٦٣ | ٣.٣ | ---- | --- | ٢٥٣ | ٢.٦ | ٣٢٢ | ٣ | ---- | --- | ٥٥٠ | ٤.٦٥ |
| | ئیسیوە | ١٦٧ | ٢.١ | ---- | --- | ٢٨٦ | ٢.٩ | ٣٠٧ | ١ | ---- | --- | ٢٣٦ | ٢ |
| دوکان | بنگرد | ٤٨٠ | ٦ | ---- | --- | ٥٠٢ | ٥.٢ | ٨٤٢ | ٧.٨ | ٥٤٢ | ٧.٤ | ٧٠٩ | ٦ |
| | خدران | ٣٧٥ | ٤.٧ | ---- | --- | ---- | ---- | ٨٦٣ | ٨.٠ | ٢٩٢ | ٤ | ٤٥٨ | ٣.٩ |
| کۆی گشتی | | ٨٠٠٤ | ١٠٠ | ٥٦٦٤ | ١٠٠ | ٩٧٤٤ | ١٠٠ | ١٠٧٨٨ | ١٠٠ | ٧٢٩٨ | ١٠٠ | ١١٨٢٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە:حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، تۆماری نۆرینگەکانی تایبەت بە نوسینی ناوو شوێنی نەخۆشەکان، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە).

٦- گرنگی دان بەکەرتی تەندروستی شاری ڕانیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەشێوەی دابین کردنی ستافی پسپۆڕو ئامێرو پێداویستی پزیشکی جۆراوجۆر، ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شارەکە لەڕووی دیمۆگرافی و ئاوەدانی و ئابوریەوە بەراورد بە شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری گەشکردنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم گەشەکردن وگرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاری ڕانیە سەنتەری کارگێری ئیدارەی ڕاپەڕینە کەسنورێکی بەرفراوانی لەخۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گرتووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەوەی کە حکومەت زیاتر گرنگی بەبواری تەندروستی بدات لەو شارەدا.[١٢]

٧- گونجاوی ڕێگاکانی گواستنەوەو کەمی نرخی گواستنەوەی سەرنشینەکان بۆ شاری ڕانیە، چونکە هەموو ئەو ناوچانەی کە چواردەوری شاری ڕانیەیان داوە، دەتوانن بەکاتێکی کەم کەنزیکترین تا دوورترین شوێن لەشاری ڕانیە لەنێوان (٢٠-٤٠) خولەک دایە، و بەنرخێکی گونجاو کە لەنێوان (٣-٧) هەزار دینار بگەنە ڕانیە.

٨- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەشێوەی ژن و ژنخوازی لەنێوان دانیشتوانی ڕانیەو پشدەرو دوکان، بەشیوەیەک کە تەنانەت لەناو شاری ڕانیە خەڵکی بنگردو مەرگەو دۆڵی جافایەتی و پڵنگان و ئاکۆیەتی و ... هتد لەگەڕەکێکدا لەدەوری یەکتری گردبوونەتەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دکتۆرەکان و کارمەندەکانی تەندروستی نەخۆشخانەکانی ڕانیە زۆربەیان دانیشتوان و خەڵکی ناوچەکەن و دۆستایەتیان هەیە لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە دەوری شاری ڕانیەیان داوە، ئەمەش تاڕادەیەک وای کردووە کە دکتۆرەکان کارئاسانی بکەن بۆ نەخۆش و کەس و کاری نەخۆشەکان بەتایبەت لەکاتی حاڵەتە کتوپڕەکانی وەک جەڵدە و سوتاوی ... هتدر،بەجۆرێک بەهۆی ناسیاویەتی وتوندی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەندێک جار گرنگی زیاتر دەدرێت بەنەخۆشەکە، بەتایبەت لەڕوانگەی سەردانی کردنی نەخۆشەکەو مانەوەی چاودێری زیاتر لەگەڵ نەخۆش، بێگومان ئەمانە لەلای خەڵکی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆی هەیە بەرارود بەهەندێک لەو ناوچانەی تری وەک شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێر کەڕێگەیان پێ نادەن[١٣].

٩- کەمترین کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە بۆ ناحیەکانی هەڵشۆ،هێرۆ، ئیسێوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لەنەخۆشەکانی ئەو ناوچانە بەهۆی نزیکیان لەقەڵادزێ، بۆتەهۆی ئەوەی بەکاتێکی کەم و نرخێکی کەم بگەنەقەڵادزێ.

## ٢: هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی (نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی و سەنتەرەکانی گورچیلەو تیشک و سۆنەر)

ئەگەر ئاماژە بە کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بکەین کەپاڵپشت بە هەریەک لەنەخۆشخانەکانی (کوردستانی ئەهلی و سەنتەرەکانی گورچیلەو تیشک و سۆنەر)، پێشکەشی دانیشتوانی شارو شارۆچکە جیاوازەکان دەکرێت، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت ئاستی کاریگەری شاری ڕانیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەجۆرێک کە تا سنورێکی بەرفراوانتر درێژدەبێتەوە، بەشێوەیەک کە هەریەک لەقەزای ڕانیە بەسەرجەم ناحیەکانی وەک (سەنتەر، سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە) دەگرێتەوە، لەگەڵ قەزای پشدەر بەتەواوی ناحیەکانی وەک (سەنتەر، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ ، ئیسێوە)، و هەردووک ناحیەی بنگرد وخدران لەقەزای دوکان، هەروەها ئاستی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە درێژدەبێتەوە بەرەو شاری کۆیەو ناحیەی تەق تەق لەسنوری قەزای کۆیە، و شاری شەقڵاوەو

---

(١٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ ،(زانیاری بڵاونەکراوە).

(١٣) ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە( ٢ ) خراوەتەروو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)


ناحیەی هیران و نازەنین لەقەزای شەقڵاوە، هەروەها ناحیەی وەرتێ لە قەزای ڕەواندوزوە ناحیەی قەسرێ لە قەزای چۆمان.
بێگومان ئاستی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێک ڕانیە توانیویەتی بەپلەی یەکەم زۆرترین خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی دانیشتوانی ناحیەکانی قەزای ڕانیە بکات، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی (نەخۆش) کەتوانیویانە سوود لەخزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە وەربگرن بەشێوەیەکە، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی بەڕێژەی (٥٢,٣%) و سەنتەری گورچیلە (٤٠,٥%) و سەنتەری تیشک (٤٨,٨%)، و بەپلەی دووەم توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی ناحیەی سەنتەری قەزای پشدەر بکات، بەجۆرێک نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی بەڕێژەی (١٠,٩%) و سەنتەری تیشک (١٦%) و سەنتەری گورچیلە (١٤%) و کەمترین ڕێژەی سوودمەندبووان لە خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بریتیە لەدانیشتوانی ناحیەی خەلەکان لەقەزای دوکان بەڕێژەی (١%)بڕوانەخشتەی ژمارە (٣) ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەخۆشەکانی ئەو ناحیەیە ڕوو لەشاری سلێمانی و دوکان دەکەن بەهۆی نزیکیان لەوشارانە.

هەواڵنامەی کتێب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**نەخشەی ژمارە (٣)**

**هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیەبەگوێرەی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە و تیشک و سۆنەر) ٢٠١٥ - ٢٠١٦**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٢)


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**خشتەی ژمارە (٢)**

**هەرێمی وەزیفەی تەندروستی شاری ڕانیەبەگوێرەی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە و تیشک وسۆنەر) ٢٠١٥ – ٢٠١٦**

| قەزا | ناحیە | نە خوشخانەی کوردستانی ئەهلی | | سەنتەری گورچیلە | | سەنتەری تیشک وسۆنەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ڕانیە | (سەنتەر)ڕانیە | ٤٠٣ | ٢٥.٩ | ١٤٢٠ | ١٧.١ | ١١٢٩ | ٣٠.٢ |
| | حاجیاوا | ١٥٥ | ١٠.٠ | ٦٦٤ | ٨.٠ | ٢٢٤ | ٦.٠ |
| | چوارقورنە | ١٢٤ | ٨.٠ | ٥٨١ | ٧.٠ | ١٨٧ | ٥.٠ |
| | سەرکە پکان | ٦٨ | ٤.٤ | ٤١٥ | ٥.٠ | ١٣٧ | ٣.٧ |
| | بێتواتە | ٦٢ | ٤.٠ | ٢٨٥ | ٣.٤ | ١٣٠ | ٣.٥ |
| پشدەر | قەڵادزی | ١٧٠ | ١٠.٩ | ١١٦٢ | ١٤.٠ | ٥٩٨ | ١٦.٠ |
| | سەنگەسەر | ٥١ | ٣.٣ | ٤٩٨ | ٦.٠ | ١٦١ | ٤.٣ |
| | ژاراوە | ٤٦ | ٣.٠ | ٢٩٥ | ٣.٦ | ١١٢ | ٣.٠ |
| | هەڵشۆ | ٣٤ | ٢.٢ | ٢٠٤ | ٢.٥ | ٧٤ | ٢.٠ |
| | هێرۆ | ٢٨ | ١.٨ | ٤٩٨ | ٦.٠ | ٧٤ | ٢.٠ |
| | ئیسێوە | ٢٣ | ١.٥ | ٣٠٢ | ٣.٦ | ٣٧ | ١.٠ |
| دوکان | سەنتەر | ٣١ | ٢.٠ | --- | ---- | --- | ---- |
| | بنگرد | ٨٥ | ٥.٥ | ٥٢٠ | ٦.٣ | ٢٥٤ | ٦.٨ |
| | خدران | ٣٧ | ٢ | ٢٦٣ | ٣.٢ | ١٤٩ | ٤.٠ |
| | خەلەکان | ٢٥ | ١.٦ | ٨٣ | ١.٠ | -- | --- |
| کۆیە | سەنتەر | ٥٦ | ٣.٦ | ٣٣٢ | ٤.٠ | --- | --- |
| | تەق تەق | --- | --- | ١٦٦ | ٢.٠ | --- | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رەواندوز | وەرتێ | ٤٦ | ٣.٠ | ٣٦٢ | ٤.٤ | ١٢٢ | ٣.٣ |
| شەقڵاو | سەنتەر | ٣١ | ٢ | --- | --- | ١٥٧ | ٤ |
| | بالیسان | --- | --- | --- | --- | ٩٤ | ٢.٥ |
| | هیران | ٣٦ | ٢.٣ | --- | --- | ١٥٧ | ٤ |
| چۆمان | قسرێ | ٤٦ | ٣.٠ | ٢٣٥ | ٢.٩ | ١٠٢ | ٢.٧ |
| کۆی گشتی | | ١٥٥٧ | ١٠٠ | ٨٢٨٥ | ١٠٠ | ٣٧٤١ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر: بەپشت بەستن بە :

أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەدرێژبوونەوەی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە تا سنورێکی بەرفراوانتر پاڵپشت بەنەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی و سەنتەری گورچیلەو سەنتەری تیشک و سۆنەر دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

١- نەبوونی هیچ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی (ناحکومی) وەنەبوونی سەنتەری گورچیلە لەقەزاکانی پشدەرو دوکان و کۆیەو شەقڵاوە کەدەوری شاری ڕانیەیان داوە، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کەوایکردووەخەڵکی هەریەک لەوقەزایانەی ئاماژەمان پێدان سەردانینەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی (گورچیلە، تیشک ،سۆنەر) بکەن لەشاری ڕانیە.

٢- بوونی ستافی پێویست لەنەخۆشخانەکان، بەتایبەت لەبواری نەشتەرگەری کەزۆربەی نەشتەرگەریەکان لەو نەخۆشخانەو سەنتەرانە لەلایەن پسپۆڕی وردەوە ئەنجام دەدرێت.

٣- بوونی ئامێرە گرنگەکان وپێداویستی پزیشکی پێویست لە سەنتەرەکان و نەخۆشخانەی کوردستانی ئاهلی،وەک ئامێری (CT scan ،MRI)وە ئامێری شکاندنی بەردی گورچیلە و ... هتد).

٤- وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا وەک لە نەخشەی ژمارە(٣)دیارە نزیکی و سەنتەریەتی شاری ڕانیە لەو شارو شارۆچکانەی کەدەکەونە قەزای پشدەرو دوکان و کۆیەو شەقڵاوە کە دەوری شاری ڕانیەیان داوە، لەو بارەیەوە ڕۆڵیان هەیە[١٤].

---

([١٤]) بڕوانە: أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، ساڵی، ٢٠١٦ ،(زانیاری بڵاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

٥- گرنگی دان و چاودێری کردنی زیاتر بە نەخۆشەکان لەسەنتەری گورچیلەی ڕانیە بەراورد بەشاری هەولێرو سلێمانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە شارە گەورەکانی وەک هەولێرو سلێمانی بەهۆی زۆری نەخۆش وقەرەباڵغی دەرفەتی کەمتر هەیە بۆگرنگی دانی زیاتربەنەخۆش، بەلاَم وەک نەخۆشەکان ئاماژەیان پێ دا لەسەنتەری گورچیلەی ڕانیە بەهۆی ئەوەی نەخۆشەکان کەمترن، کارمەندانی تەندروستی زیاتر ئاگادارمان دەبن، ئەمە جگە لەوەی کە پاک و خاوێنی سەنتەرەکەو بوونی ئامێری پێویست بەهەمان شێوەی شارە گەورەکان هۆکارێکی ترە کەبۆتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو شاروناوچانەی کەدەکەونە نێوان ڕانیەو هەولێر یان ڕانیەو سلێمانی ڕوو لەشاری ڕانیە بکەن[١٥].

٦- ئەمە جگە لەوەی کەپەیوەندی کۆمەلاَیەتی تاڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە ،چونکە دانیشتوانی ناوچەی کۆیەو شەقلاوەو دوکان و پشدەر ژن و ژنخوازی وخزمایەتیان لەگەڵ دانیشتوانی ڕانیەدا هەیە، ئەمەش جۆرێک لەکارئاسانی بۆ نەخۆشەکان کردووە لەڕووی چاودێری کردن و ئاگادار بوون ومانەوەی کاتی زیاتری نەخۆش لەنەخۆشخانەکە ئەمەش یارمەتی دەری نەخۆش بووە لەکەمکردنەوەی خەرجی و تێچوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە ناگاتە ناحیەکانی پیرەمەگرون و سورداش و ماوەت و شاری دوکان و چەند شارو شارۆچکەیەکی تر، کەنزیکن لەسنوری شاری هەولێرو سلێمانی، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک[١٦]:

١- یەکێک لەکاریگەرترین هۆکار لەو بارەیەوە بریتیە لە هۆکاری دووری (مسافە)ی نێوان ئەو شارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان لەشاری ڕانیە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک کەخەڵکی ئەو ناوچانە کاتێکی زۆریان پێویست بێت و ماوەیەکی زۆر ببڕن تا بگەنە شاری ڕانیە کە لەنێوان ( ٣٦-٦٥ ) کم دایە.

٢- کاریگەری بەرزو نزمی هۆکارێکی ترە،چونکە بوونی زنجیرە شاخەکانی وەک (کۆسرەت، سالارە، چیای پیرەمەگرون، دابان، قەرەسرد، سورداش و...هتد) بۆتە هۆکاری دابڕانی شاری ڕانیە لە شارۆچکەکانی(دوکان وسورداش وماوەت وپیرەمەگرون)وە دروست کردنی جۆرێک لەئاڵۆزی گیروگرفت لەپەیوەندی کردن لەنێوان شاری ڕانیەو ئەو ناوچانە، بەتایبەت لەوەرزە ساردو بەفراویەکاندا (زۆربەی کات ڕێگاکان دەگیرێن).

---

(١٥) أ-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئامینە مستەفا حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

ب- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (علی محمد حسین)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

ج-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (إسماعیل عبدالله حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

د-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ابراهیم مجید محمد)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

(١٦) بڕوانە: أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(زانیاری بلاَونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، بەشی ئامارو پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بلاونەکراوە).

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بلاَونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣- لەهۆکارە سەرەکی و کاریگەرەکانی تر کەخەڵکی ئەو شارو شارۆچکانەی کەباسمان کردن سەردانی شاری ڕانیە ناکەن دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیان لەشاری سلێمانی بۆ نمونە شاری دوکان نزیکترە لەسلێمانی تاکو شاری ڕانیە، هەروەها پیرەمەگرون و خەلەکان نزیکن لەسلێمانی ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی ئەو شارۆچکانە ئەتوانن خزمەتگوزاری تەندروستی باشترو پێشکەوتووتر لەشاری سلێمانی وهەولێر وەربگرن بەراورد بە شاری ڕانیە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی نزیکی سلێمانی لەو شارو شارۆچکانە ئەتوانرێت باشتر چاودێری نەخۆشەکانیان بکەن و تێچوونی ئابووریشیان کەمتر دەوێت لەکاتی هاتوچۆکردن بۆ لای نەخۆشەکانیان بەپێچەوانەوە لەشاری ڕانیە کاتی زۆرو تێچوونی زۆرتریان دەوێت بەهۆی دووری ڕانیە لەوشارو شارۆچکانە.

٤- بێگومان پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبوونی دانیشتوانی دوکان و پیرەمەگرون وخەلەکان و ...هتد کەدەکەونە نێوان شاری ڕانیەو سلێمانی، پەیوەندیان لەگەڵ دانیشتوانی سلێمانی زیاترە، ئەمەش بێگومان هاوشانی هۆکارەکانی تر تاڕادەیەک کاریگەری هەیە لەوەی کە دانیشتوانی ئەو شاروشارۆچکانە ڕوو لەشاری سلێمانی بکەن.

٥- بەرزی ئاستی ئەو خزمەتگوزاریە تەندروستیانەی کەشاری سلێمانی پێشکەشی نەخۆشەکانی دەکات بەراورد بە شاری ڕانیە، بۆ نمونە قەستەری دڵ و نەشتەرگەری دڵ و سوتان و نەخۆشیە دەروونیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەڕاکێشانی دانیشتوانی ئەو شارانەی کەدەکەونە نێوان شاری ڕانیەو سلێمانی یان ڕانیەو هەولێر، کەواتە لێرەدا شاری ڕانیە ڕووبەڕووی پێشبرکێی سلێمانی و هەلێر دەبێتەوە، هەر بۆیە ناتوانێت دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و خزمەتیان بکات، کە لەشاری سلێمانی و هەولێرەوە نزیکن[١٧]

**باسی سێیەم:هەرێمی وەزیفەی گواستنەوەی شاری ڕانیە**

ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتووچۆ ڕۆڵێکی وەزیفی گرنگ دەبینن لەناوخۆی شاردا، لەهەمان کاتدا دەورێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەبەستنەوەی بەشە جیاجیاکانی هەرێمەکەی بەشارەوە، هەروەها،ڕێگاکانی گواستنەوە گرنگی بەرچاویان هەیە لەبەهێزکردنی پەیوەندیەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری وەگەشەکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی وپیشەسازی خزمەتگوزاریەکان لەسەر ئاستی ناوخۆو پەیوەندیە هەرێمیەکەی شاردا[١٨].

ئەگەر ئاماژەیەک بەکاریگەری و پەیوەندیەکانی شاری ڕانیە لەگەڵ شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری بکەین، وەک لەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەبەشی یەکەم دەرکەوت،ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی تۆڕەکانی گواستنەوەو هاتووچۆ بەستراوەتەوە بەچەندین شارو شارۆچکە وگوندەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی، بێگومان بەستنەوە ڕانیە لەڕێگەی ئەم تۆڕە بەرفراوانە لەڕێگاوبانەکان بۆتە هۆی دروست کردنی پەیوەندیەکی هەرێمی بەفراوانی شاری ڕانیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

(١٧)ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(٢) خراوەتەروو.

(١٨) صلاح حميد الجنابي، جغرافية الحضر أسس وتطبيقات، دار الكتبللطباعة و النشر ،جامعة الموصل،الموصل ١٩٨٧ ، ص٢٥١.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەرلەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بەدیاریکردنی هەرێمی وەزیفەی گواستنەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە،بەتێبینی کردن لەنەخشەی ژمارە(٤)بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندی و کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی دابین کردن وپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەو گەیاندن بەدانیشتوانی شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری شارەکە دەگاتە هەریەک لەناحیەکانی(سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە) لەقەزای ڕانیەوشارۆچکەکانی(قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە) لەقەزای پشدەر، لەگەڵ هەریەکە لەشارۆچکەکانی(دوکان،بنگرد، خدران، خەلەکان ، سوداش، پیرە مەگرون) لەقەزای دوکان، هەروەها کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە شاری کۆیە وناحیەکانی (هیران ونازەنین ،حاجی ئۆمەران ، بالیسان ، وەرتێ ،چۆمان، قسرێ، قوشتەپە ،شۆڕش) لەپارێزگای هەولێر، لەهەمان کاتدا ڕانیە پەیوەندیەکی بەرفراوانی لەگەڵ شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە وەک شارەکانی (هەولێر،سلێمانی،کەرکوک) .بێگومان ڕانیە لەڕێگای گواستنەوەی ووشکانی پاڵپشت بەئامرازەکانی گواستنەوەی(تاکسی وپاس) توانیویەتی خزمەتگوزاری گواستنەوە پێشکەشی دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە بکات کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان.

هەواڵنامەی کتێب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## نەخشەی ژمارە (٤)
## هەرێمی وەزیفەی گواستنەوەی شاری ڕانیەبەگوێرەی هەردووک گواستنەوەی(تاکسی وپاس)
## ٢٠١٥ - ٢٠١٦




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٣ )


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر تیشک بخەینە سەر هەرێمی وەزیفەی گواستنەوە شاری ڕانیە، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە(٤) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کەسنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەباکوورەوە درێژدەبێتەوە تا شارەکانی (حاجی ئۆمەران و وەرتێ )، بەڵام لەباشورەوە سنوری هەرێمی گواستنەوەی شارەکە دەگاتە شاری سلێمانی، لەڕۆژهەڵاتیشەوە سنوری هەرێمەکە لەشاری قەڵادزێو وولاتی ئێرانی دراوسێ کۆتایی دێت، لەڕۆژئاواشەوە هەریەک لەشارەکانی هەولێر و کەرکوک دوا خاڵی کاریگەری سنوری هەرێمی گواستنەوەی ڕانیەیە.ئەگەر ئاماژەیەک بەپلەی کاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت پلەی کاریگەریەکەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێک کاریگەری وپەیوەندیناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوانگەی خزمەتگوزاری گواستنەوە و گەیاندن لەسەر هەندێ ناوچە زۆرە، لەبەرامبەردا لەسەر هەندێک شارو شارۆچکە کەمترە، بۆ نمونە شاری ڕانیە زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوەیلەبواری گواستنەوەی تاکسی پێشکەشی ناحیەکانی(قەڵادزێ ،سەنگەسەر،ژاراوە) لەقەزای پشدەر کردووە بەڕێژەینزیکەی (٣٢%) وەکەمترین کاریگەریشی گەیشتۆتە شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێژەی نزیکەی (٣%).

**خشتەی ژمارە (٣)**

**هەرێمی وەزیفەی گواستنەوەی شاری ڕانیەبەگوێرەی گواستنەوەی(تاکسیوپاس)**

**٢٠١٥ – ٢٠١٦**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی سەرنشین تاکسی | % |
|---|---|---|---|
| پشدەر | قەڵادزی | ٣١٦٨٠ | ١٢.٨ |
| | سەنگەسەر | ٢٥٩٢١ | ١٠.٥ |
| | ژاراوە | ٢٣٠٤٢ | ٩.٣ |
| دوکان | بنگرد | ١٤٤٥٢ | ٥.٩ |
| | * خدران | ٠ | ٠.٠ |
| | *خەلەکان | ٠ | ٠.٠ |
| | *پیرەمەگرون،سورداش | ٠ | ٠.٠ |
| | *دوکان | ٠ | ٠.٠ |
| کۆیە | شاری کۆیە | ١٧٢٨٠ | ٧.٠ |
| شەقڵاوە | شەقڵاوە | ٧٢٢٠ | ٢.٨ |
| | هیران، بالیسان | ٨٦٤٧ | ٣.٥ |
| ڕەواندوز | وەرتی،قەسرێ | ١٧٢٨٥ | ٧.٠ |
| چۆمان | حاجی ئۆمەران،چۆمان | ٢١٦٢٢ | ٨.٨ |
| هەولێر | شاری هەولیر، قوشتەپە | ٢٨٨٩٢ | ١١.٧ |
| سلێمانی | شاری سلێمانی | ٣٦٥٠٠ | ١٤.٨ |
| کرکوک | کەرکوک | ١٤٤٥١ | ٥.٩ |
| | کوی گشتی | ٢٤٦٩٩٢ | ١٠٠.٠ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| قەزا | ناحیە | ژمارەی سەرنشین پاس | % |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | **(سەنتەر)رانیە | ٠ | ٠ |
| | حاجیاوا<br>چوارقوڕنە | ١٦٢٥٢٠ | ٢٧.٧ |
| | سەرکە پکان | ٥٤٣٥٣ | ٩.٣ |
| | بێتواتە | ٧٠٤٣٢ | ١٢.٠ |
| | بوسکێن | ١١٥٧٠ | ٢.٠ |
| پشدەر | قەڵادزی<br>سەنگەسەر<br>ژاراوە | ٨١٥٢٠ | ١٣.٩ |
| هەولێر | شاری هەولێر | ٧٠٢٠٤ | ١٢.٠ |
| سلێمانی | شاری سلێمانی | ١٣٥٢٥٥ | ٢٣.١ |
| کوی گشتی | | ٥٨٥٨٥٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی ئامار و پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦ .

* ئەم شارۆچکانە لەگەڵ سلێمانی هەژمارکراون،چونکە ئەم شارۆچکانە دەکەونە سەررێگای ڕانیە سلێمانی.**ناحیەی ڕانیە (سەنتەر) وبۆسکێن پێکەوە هەژمارکراوە.

هەروەها بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە پاڵپشت بە گواستنەوەی پاس توانیویەتی زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوە پێشکەشی دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی قەزای ڕانیەبکاتبەرێژەی (٥١ %) و کەمترین خزمەتگوزاری گواستنەوەی پاسی پێشکەشی دانیشتوانی شاری هەولێر کردووە بەرێژەی (١٢%)،ئەمەش بۆتە هۆی دروست کردنی دووجۆر هەرێمی گواستنەوە بۆڕانیە، هەریمی گواستنەوەی چڕ وهەریمی گواستنەوەی فراوان، هەربۆیە بەتێبینی کردن لەنەخشەی ژمارە(٤) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی چڕ هەریەک لەشارەکانی(حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، ژاراوە، قەڵادزێ، سەنگەسەروبنگرد) دەگریتەوە،چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوە بۆدانیشتوانی ئەوشاروشارۆچکانە دابین بکات.هەروەهاشاری ڕانیە توانیویەتی کاریگەری خزمەتگوزاریگواستنەوە بگەیەنێتە چەندین شارو شارۆچکەو ناوچەی دوور لەخۆی، ئەمەش بۆتەهۆی دروست کردنی هەرێمێکی بەفراوان کەچەندین شارو شارۆچکەی جیاواز لەخۆ دەگرێت کەبریتین


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەشارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، کۆیە، ڕەواندز، حاجی ئۆمەران، سۆران، هیران ونازەنین).لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەرێگاکانی گواستنەوە وهاتووچۆ وەک یەکێک لەوەزیفە گرنگەکانی شارەکە توانیویەتی پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەرێمی لەبواری گواستنەوە لەگەڵ ناوچە دوورونزیکەکانی دەوروبەری دروست بکات و خزمەتگوزاری گواستنەوەیان بۆ دابین بکات.

لەڕاستیدا زۆرترین کاریگەری وپەیوەندی شاری ڕانیەلەگەڵ ئەو شاروشارۆچکانەیە کە ڕاستەوخۆدەکەونە چواردەوری شارەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک[١٩]:

١- دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەی دەوروبەری ڕانیە بۆ دابین کردن و پڕکردنەوەی پێویستیە جۆراوجۆرەکانیان لەکڕینی کەل وپەل و کاروبارە کارگێڕی و بازرگانی و پەیوە ند یە کۆمەلایەتی و بۆنەکان......هتد ڕۆژانە بەردەوام دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە جارێک یان چەندجارێک زیاتر سەردانی شاری ڕانیە دەکەن بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگاکانی گواستنەوەی پاس وتاکسی بەکاردەهێنن.

٢- نزیکی ئەو شارو شارۆچکانە لەشاری ڕانیە، بەجۆرێک کە دووریان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان (١-١٧)کم دایە،ئەمە جگە لەوەی کە نرخی گواستنەوە لەنێوان ئەم شارانەو شاری ڕانیە لەنێوان (١-٤) هەزار دینار دایە، ئەمە یارمەتی ئەوەی داوە کە دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکەو گوندە نزیکانە بەکاتێکی کەم و نرخێکی کەم ڕۆژانە بێنە شاری ڕانیە.

٣- پەیوەندی کۆمەلایەتی وەک ئامادەبوون لە بۆنەکانی وەک ئاهەنگ و پرسە و بۆنە نەتەوەیی و ئاینیەکان ...هتد لەنێوان شاری ڕانیە ودانیشتوانی شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە کاریگەری هەبووە لەسەر هاتووچۆکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە.

٤- تاڕادەیەک ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتووچۆ لەنێوان شاری ڕانیە وشارو شارۆچکەکانی دەوروبەری گونجاوە لەڕووی قیرتاوکردن و بەستنەوە یان بە یەکتری ،هەروەها زاڵبوون بەسەر بەربەستە سروشتیەکانی وەک زێی بچوک، کە توانراوە ناحیەی بنگرد لەقەزای دوکان بەهۆی پردەوە ببەسترێتەوە بەشاری ڕانیە، ئەمەش یارمەتی دانیشتوانی ناحیەی بنگرد ودۆڵی جافایەتی داوە کە پەیوەندیەکی بەردەوامیان لەگەڵ شاری ڕانیە هەبێت، وەبۆ دابینکردنی زۆرترین پێداویستی وڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان ڕوو لەڕانیە بکەن.لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەرێگاکانی گواستنەوە وهاتووچۆ وەک یەکێک لەوەزیفە گرنگەکانی شارەکە توانیویەتی پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەرێمیلەگەڵ ناوچە دوور ونزیکەکانی دەوروبەری دروست بکات و خزمەتگوزاری گواستنەوەیان بۆ دابین بکات.

لێرەدا پێویست ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لاوازی پەیوەندی شاری ڕانیە لەگەڵ شارو شارۆچکە دوورەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک [٢٠]:

---

(١٩)**بڕوانە: أ:**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی ئامار و پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە).

**ب:** ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(٨) خراوەتەروو.

(٢٠) أ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(داتای بلاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- گرنگترین وکاریگەرترین هۆکار بریتیە لەدووری واتە دووری هەریەک لە شارەکانی سلێمانی وهەولێرو کەرکوک وحاجی ئۆمەران لەشاری ڕانیە کە دووریان لەنێوان (٤٠-١٦٥)کم دایە.

٢- بەرزی نرخی گواستنەوەی سەرنشینەکان بۆ شارە دوورەکان، وەک سلێمانی و هەولێر و کەرکوک کە لەنێوان (١٠-١٥) هەزار دینار دایە،بۆیە دانیشتوان بۆ کارێکی گرنگ نەبێت، ناتوانن سەردانی ئەو شارە دوورانە بکەن.

٣- لەڕووی کارگێڕیەوە شاری ڕانیە سەر بە پارێزگای سلێمانیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی شاری ڕانیە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ شاری سلێمانی هەبێت، بەتایبەت بۆ کاروبارە کارگێڕییەکان، ئەمەش وای کردووە کەمتر پەیوەندیان بەشارەکانی هەولێروکەرکوک...هتد هەبێت.

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦.(داتای بڵاونەکراوە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## دەرئەنجامەکان

لەژێرڕۆشنایی ئەوبابەتانەی کە تیشکیان خرایەسەر توێژینەوە کەگەیشتۆتە ئەم دەر ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- شارچەندین پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیە کەخۆی دە بینێتەوە لەپەیوەندیەکانی(دانیشتوان،کارگێڕی، بازرگانی،ئابووری، پەروەردەیی، تەندرو ستی.هتد.

٢- چەند ڕێگایەکی لە یەکتری جیاواز هەیە کە توێژەران بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار بە کاری دە هێنن وەک رێگای لێکۆڵینەوەی کێومالّی و ڕێگای بیرکاری

٣- شاری ڕانیە لەڕووی خزمەتگوزاری کارگێڕیەوە کاریگەریەکەی دەگاتە هەردووک قەزای ڕانیە وپشدەر بەسەر جەم ناحیەکانیەوە.

٤- شاری ڕانیە لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوەکاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر شاروشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری بەشێوەیەک سنووری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕانیە درێژ دەبێتەوە ودەگاتە قەزاکانی ڕانیە ، پشدەر، دوکان لە پارێزگا سلێمانی لەگەڵ هەریەک لە قەزاکانی شەقڵاوە و کۆیەو ڕەواندوز و چۆمان و سۆران لە پارێزگای هەولێر.

٥- شاری ڕانیە لە ڕووی خزمەتگوزاری گواستنەوەوهاتووچۆ کاریگەریەکی بەرچاوو فراوانی کردۆتە سەر شارو شارچکەو گوندەکانی دەوروبەری بەجۆرێک قەزاکانی ڕانیە وپشدەر ودوکان و کۆیەو چۆمان و ڕەواندوز وشەقڵاوەوسۆران لەگەڵ هەریەک لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی کەرکوک دەگرێتەوە.

٦- سنوورو کاریگەری هەرێمی هەریەک لە وەزیفەکانی تەندروستی و گواستنەوەی شاری ڕانیە ،سنووری کارگێڕی قەزای ڕانیە وئیدارەی ڕاپەڕین تێ دەپەڕێنێت ،

٧- ڕووبەروشێوەی هەرێمی شاری ڕانیە گەورەترو بەرفراوانترە لەسنووری کارگێڕی قەزای ڕانیەوئیدارەی ڕاپەڕین.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پێشنیار

لەژێررۆشنایی ئەنجامەکان دا ، توێژینەوەکە چەند پێشنیارێک دەخاتە ڕوو کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پێوویستە سنووری ئێستای کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕین گۆڕانکاری بەسەر دابهێنرێت بەشێوە یەک کە هەردووک ناحیەیەی بنگرد وخدران کە سەر بە قەزای دوکانن لەقەزای دوکان دابیرێنرێن و بخرێتە سەر ئیدارەی ڕاپەڕین، چونکەدانیشتوانی ئەم دوو ناحیە لە هەر دووک خزمەتگوزای تەندروستی وگواستنەوە هاوشێوەی ناحیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین بە تەواوە تی پشت بە شاری ڕانیە دەبە ستن.

٢- زۆرێک لە گوندەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕێگاو بانیان خراپە تەنانەت هەندێک گوند ڕێگاکانی تێک چووە ، ئەمەش بۆتە گیروگرفت لە پەیوەندی کردنی گوندنشینەکان بە شاری ڕانیە وگە یاندنی کە لوپەل وکاڵاو بەرهەمەکانیان بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بە ڕێگاوبانەکان بدرێت.

٣- بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە شاری ڕانیە ودەوروبەرەکەی لە ڕووی دیمۆگرافیەوە گە شەکردنی باشی بە خۆیەوە بینیوە هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی شارو شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە ڕۆژانە بۆ بەدەست هێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕوو لە شاری ڕانیە دەکەن بۆیە پێشنیار دەکەم کە نە خۆشخانە وبنکە ودامەزرا وەی تەندروستی زیاتر لە ڕانیە بکرێتەوە.

٤- پێویستە فەرمانگەی ئاماری ڕانیە هەماهەنگی بکات لەگەڵ فەرمانگەکانی تەندروستی وگواستنەوەی ڕانیە ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی داتاو زانیاریەکان بە مەبەستی ئاگادار بوون لەوگۆڕانکاریانەی کە لەبواری وەزیفەکانی تەندروستی وگواستنەوەی شاری ڕانیە دا ڕوودەدات. تاوەکو لە پلان وبەرنامە کانیاندا پشتیان پێ ببەستن.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردیەکان

یەکەم: کتێب

١- خەلیل ئیسماعیل محمد، کێشەیکوردلە نێوان حەقیقە تە مێژوویەکان واقیعی جوگرافیایی ناوچەکەدا، جیۆستراتیژی کوردستانی عێراق، و: لە عەرەبیەوە، ماجید نوری، چاپخانەی ،ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

دووەم: گۆڤار

١- بێستون احمد حسێن، دیاریکردنی هەرێمی شاری قەلادزی بە گوێرەی بیردۆزی خالی پچران، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ژمارە ١٢ سالی ٢٠١٧

٢- محمد وتمان محمد، دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە  بە پێی بیردۆزی خالی پچراندن ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، سالی چوارەم ، ژمارە (١٠) ئاداری ٢٠١٧

٣- خلیل اسماعیل محمد، کۆچی توانا زانستیەکان لە هە رێمیکوردستانی عیراقدا،لیکۆلینەوەیەک دەربارەی سلێمانی ,گۆڤاری سەنتەری لیکۆلینەوەیستراتیجی, سلێمانیژمارە ( ٣ ) سالیسیانزەهەم , ٢٠٠٢.

سێیەم: فەرمانگە حکومیەکان

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی ئامار، سالی ٢٠١٦ ،( داتای بلاونەکراوە).

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، سالی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە)..

٣-  حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەیمندالبوون ، بەشی ئاماروپلان، سالی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە).

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، سالی ٢٠١٦،(داتای بلاونەکراوە).

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی ئامار و پلان دانان، سالی ٢٠١٦ ،(داتای بلاونەکراوە).

٦- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، سالی ٢٠١٦،.(داتای بلاونەکراوە).

٧- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، سالی، ٢٠١٦ ،(زانیاری بلاونەکراوە).

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، سالی ٢٠١٦(زانیاری بلاونەکراوە).

٩- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
١٠- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦.(داتای بڵاونەکراوە).
١١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستی ئاماری هەرێم بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە،بەشی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ، ساڵی ٢٠١٦، (داتای بڵاونەکراوە).

چوارەم: چاوپێکەوتن
١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ابراهیم مجید محمد)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.
٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (إسماعیل عبدالله حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (علی محمد حسین)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.
٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئامینە مستەفا حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

یەکەم: کتێب
١- نیس. هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد غلاب، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧،
٢- جمال حمدان ,جغرافية ,المدن, عالم الكتب, الطبعة الثانية, القاهرة ، ١٩٧٧ .
٣- خالص حسن الاشعب ,اقليم المدينة (بين التخطيط الاقليمى و التنمية الشاملة ) بيت الحكمة ,مطابع التعليم العالى ,الموصل،١٩٨٧.
٤- صبرى فارس الهيتى و صالح فليح حسن، جغرافية المدن , دارصفاء للنشر والتوزيع, عمان,
٥- عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المكتب الجامعى الحديث، يمن تعز، ٢٠٠٨.
٦- عبدالله عطوى، جغرافية المدن الجزء الآول، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠١.
٧- عبدعلى الخفاف ومحمد صالح المرسومى، المبادئ العامة لجغرافيا المدن، دار الكندى للنشروالتوزيع، ٢٠٠٠.
٨ - عرب دعكور,تاريخ المجتمع الريفىو المدنى ,دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع, بيروت, ٢٠٠٤,ص١٧٧.
٩- فتحى محمد أبوعيانه، جغرافية العمران، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ١٩٩٦.
١٠-كايد عثمان ابو صبحة ,جغرافية المدن ,دار وائل للطباعة ,الاردن, عمان,٢٠٠٣.

١١- محسن عبد علی، رياض كاظم الجميلي، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، المؤسسة الحديثة الكتاب، لبنان، ط١، ٢٠٠٩.

١٢- محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن ،مبادئ و أسس و منهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠١٠.

**دووەم: گۆڤار:**

١- على لفته سعيد، إيمان عبدالحسين شعلان، تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في مدينة الحيدرية (دراسة في جغرافية المدن)، مجلة البحوث الجغرافية، العدد (١٩) بدون سنة الطبع

٢- بيـــان علىحســـين, تحديـــد اقلـــيم مدينـــة السليمانية,(حســـب نضـــرية نقطـــة قطـــع) ، مجلةجامعةالسليمانية,العدد,٢٣ .

**سێیەم: نامەوتێزەزانکۆییەکان:**

١- فاطمة قادر مصطفى، الخدمات الصحية في محافظة أربيل بإقليم كردستان العراق (دراسة في جغرافية الخدمات)، اطروحه دكتوراة، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ٢٠١٥.

هەولێرنامەی کیێ

## پوختەی توێژینەوەکە

هیچ شارێک ناتوانێت بە شێوەیەکی دابڕاو ودوور لە ناوچەکانی دەوروبەری بژیت لەبەر ئەوە هەموو شارێک ڕووپێویکی جوگرافی تایبەت بە خۆی هەیە کە شارەکە لە ژیان وگەشەکردنی دا پشتی پێ دەبەستێت، ئەمەش بۆ تە هۆی ئەوەی کە شارەکە لە چوارچیوەی ڕووبەرەجوگرافیەکەیدا چەندین پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ شاروشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری دا دروست بکات، ئەم پەیوەندیانەش خۆی دەبینێتەوە لە بوارەکانی تەندروستی وگواستنەوەو کارگێڕی ....هتد ، کە دەبنە بنەمایەک بۆ گەشەکردن و پلان و پەرەپێدان بۆ شار و ئەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ دەوری شارەکەیان داوە .ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە دیاریکردنی هەرێمی وەزیفی کارگێڕیو تەندروستی و گواستنەوەی شاری ڕانیە کە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ دیزاینی نەخشەی شارەکان وناوچەکانی دەوروبەریان لەهەمان کاتدا بوار دەڕەخسێ بۆ بەر نامەڕێژی و کاری پلان دانان وپەرەپێدانی هەرێمی لەهەمان کاتدا ئەتوانرێ لە دووبارە پێداچونەوەی هەیکەلی کارگێڕی دا پشتی پێ ببەسترێت . شاری ڕانیە بەم سالانەی دوای گەشەکردنێکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە کە بۆتە هۆکاری پەرەسەندنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وگواستنەوە بۆ شارەکە وە گەیاندنی ئەم دوو جۆرە خزمەتگوزاریە بۆ دانیشتوانی شاروشارۆچکە دوورو نزیکەکانی ڕانیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شاری ڕانیە کاریگەریە هەرێمیەکەی بگاتە سنوورێکی بەرفراوان. لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە شاری ڕانیە شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە بەهۆی هەڵکەوتەی لە ناوجەرگەی دڵی دەشتێکی شاخاوی پان و بەرین وبەپیتی کشتوکاڵی وەک دەشتی بیتوێن کە ڕەنگ دانەوەی هەبووە لە سەر فراوانبوونی هەرێمی وەزیفەکانی تەندروستی وگواستنەوەی ڕانیە ،ئەمە جگە لەوەی کە گریمانەی ئەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەکات سنووری هەرێمی وەزیفەی تەندروستی و گواستنەوەی شاری ڕانیە فراوانترە لە سنووری کارگێڕیەکەی واتا سنووری هەرێمە وەزیفیەکە ناگونجێت لەگەڵ سنوورە کارگێڕیەکەدا . بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدەکانی شیکاری وهەرێمی وزانستی ئیستقرائی ،سەبارەت بە پلانی لێکۆڵینەوەکە دابەش کراوە بۆسەر دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم : تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری هەرێی شار ، تەوەرەی دووەم باسی هەرێمەکانی وەزیفەی کارگێڕی و تەندروستی وگواستنەوەی شاری ڕانیە دەکات کە دابەش کراوە بۆ سەر سێ باس ،باسی یەکەم تیشک دەخاتە سەر وەزیفەی کارگێڕی لە شاری ڕانیە هەرچی باسی دووەم ؛ باس لە وەزیفەی تەندروستی وە باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ وەزیفەی گواستنەوە لە کۆتایی دا تویژینەوەکە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لە گرنگترینیان ئەوەیە لە ژێر کاریگەری گرنگی شوێنە جوگرافیەکەی و گەشەکردنی دیمۆگرافی و ئاوەدانی شارەکە دا شاری ڕانیە بۆ تە ناوەندێک بۆ دابین کردن و گەیاندنی خزمەت گوزاریەگرنگەکانی تەندروستی وگواستنەوە بۆ شاری ڕانیە وزۆرێک لە شارو شارۆچکە وگوندەکانی دەوروبەرو دوور لە شارەکە، بە جۆرێک سنووری هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە سنووری کارگێڕی قەزای ڕانیەو تەنانەت ئیدارەی ڕاپەڕین تێ دەپەڕێنێت هەربۆ یە لەدووبارە دارشتنەوەی هەیکەل و سنوری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕین کەهەردووک قەزای ڕانیەو پشدەر لەخۆدەگرێت پشتی پێ ببەسترێت.


## ملخص

أي مدن لا يمكن أن تعيش وحدها؛ بدلا من الحاجة المنطقة المحيطة ثيساري السبب الرئيسي لكل مدينة أن يكون لها منطقة جغرافية محددة، أن المدينة مستقلة عن في الحياة والنامية. هذا هو العامل الرئيسي لجعل العلاقة بين المدينة والبلدات والمناطق والمقاطعات المحيطة في مجال الصحة والنقل والإدارة، وما إلى ذلك هو مبدأ هام لتطوير وتخطيط المدينة والمناطق المحيطة بها. والهدف من هذا البحث هو تحديد محافظة وظيفية للصحة والنقل من منطقة رانيا، لأنه يساعدنا على تصميم جيد من المدن والمناطق المحيطة بها، في نفس الوقت للتخطيط الجيد وتطوير وظيفية وأيضا يمكن أن تدعم لنا ل إعادة هيكلة الهيكل الإداري. في السنوات القليلة الماضية اتسعت مدينة رانيا وهذا هو السبب الرئيسي لتطوير الصحة العامة والنقل لسكان رانيا والمناطق المحيطة بها والمناطق الفرعية. هذا هو عامل تمديد محافظة وظيفية رانيا إلى حدود التوسع، وفرضية هذا البحث هو رانيا لديها مكان جغرافي كبير، بسبب رانيا الواردة في قلب سهل الجبال الزراعية الخصبة، اسم بين سهل. كان لمكان رانيا تأثير على مجال وظيفي للصحة والنقل رانيا مع فرضية هذه الوظائف توسعت من حدود الإدارة. ولتحقيق نتائج البحث، اعتمد البحث على التحليلات والأساليب الإقليمية والاستقرائية.وتتألف محتويات هذا البحث من موضوعين رئيسيين. الموضوع الأول هو حول النظرية من المدينة الوظيفية.الموضوع الثاني هو حول الصحة الوظيفية والنقل في رانيا، الذي ينقسم لوحدتين. الوحدة الأولى هي حول وظيفية للصحة في رانيا. الوحدة الثانية هي حول النقل وظيفية. وفي نهاية البحث، حصل البحث على بعض النتائج، وكان من أهمها تأثير الوضع الجغرافي للديموغرافية في المدينة، رانيا لديها مركز رئيسي لتوفير الخدمات الصحية والوصول إلى رانيا ومعظم المدن، المنطقة الفرعية والقرى في القريب أو بعيدا عن المدينة. يتم توسيع المجال الوظيفي ل رانيا من الوظيفية الإدارية وأيضا من الإدارة من رانيا. في إعادة بناء هيكل وحدود الإدارة يمكن أن تعتمد عليها.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

Any Cities cannot live alone; instead of need the surrounding area theseare the main reason for every city to have a specific geographical area, that the city independent of in the life and developing. These are the main factor for make the relationship of the city with the surrounding towns, districts and sub-districts in the fielding of health, transportation and administration, etc. it is an important principle for developing and planning of a city and surrounding regions. The aim of this research is to determine the functional county of health and transportation of Rania district, because it is help us for a good design of cities and surrounding areas, at the same time for good planning and functional developing and also can support us for restructuring administrative structure. In the last few years Rania city has widening that is the main reason for developing public health and transportation for the residents of Rania and surrounding districts and sub-districts. It is the factor of extend the functional county of Rania to a expand border, the supposition of this research is Rania has a significant geographical place, due to Rania contained in the heart of a fertile agricultural mountain plain, name of Between plain. Rania's place had effect on functional area of health and Rania transportation with hypothesis of these functionalities expanded from the administration boundary. For getting the results of a paper, the research depended on analyses, regional and inductive methods.The content of this research is consisting of two main themes. The first theme is about the theoretical of functional city.The second theme is about of functional health and transportation in Rania, which is divided for two units. The first unit is about functional of health in Rania. The second unit is about of transportation functional. At the end the research has gotten some results, the significant of them are in the effect of important the geographical situation demographic developing of the city, Rania has a main centre for providing and access services of health and transportation for Rania and most of towns, sub-district and villages in the near or far from the city. The functional area of Rania are extended from the administrative functional and also from the administrative of Rania. In the reconstructing of structure and boundary of administration can dependent of them.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی ژمارە(١)
## پێکهاتەی کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕین

کۆماری عیراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

سلاو

نووسراوتان (ژمارە ١٠٨٤ لە ٢٠١١/٥/٢) بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئیستحداث کردنی (٣) سێ یەکەی ئیداری نوێ بۆ دەڤەرەکانی (ڕاپەرین، هەڵەبجە و سۆران)، موافقم لەسەر ئەم بڕیارەتان.

پێم باشە و بە پێویستی دەزانم کە کار بکەن بۆ بە ئیدارە کردنی دەڤەرەکانی (زاخۆ، ئاکرێ و کۆیە)ـش هاوشێوەی هەر سێ یەکە ئیداریەکەی سەرەوە.

لەگەڵ ڕێزمدا.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١١/٨/٢٣**


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

ژمارە: ١٦٥٠ No:

بەروار: ٢٩ / ١ / ٢٧١٠ ی کوردی Date: ٢٠١١/٢/٨

## بڕیـــار

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە دووی ئەنجومەنی وەزیران لە لەرۆژی ٢٠١١/٢/٧، بۆ بەرژەوەندی گشتی و کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاولاتیان وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی بە گونجاوترین وئاسانترین شێوە، هەروا بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین لە ڕاییکردنی کاری هاوولاتیان وبەرجەستەکردنی لا مرکزی ئیداری و پرنسیپی دابەزاندنی دەسەلات و چڕنەکردنەوەی لە ناوەندە ئیدارییە بالاکاندا، ئەنجومەنی وەزیران داوا دەکات لە ئەنجومەنی هەردوو پارێزگای (هەولێر وسلێمانی) بە پێی تایبەتمەندییان بۆ جێبەجێکردنی ئەم خالانەی خوارەوە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان:

**یەکەم:** ئیستحداث کردنی (سێ) یەکەی ئیداری نوێ بەو شێوەیەی لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە ومامەڵەی پارێزگایان لەگەڵ دەکرێت لە گشت ڕوویەکەوە، کەسێك سەرۆکایەتی بکات وەك (**سەرپەرشتیاری ئیدارە**) و گشت ئەرك و ماف و دەسەلاتەکانی پارێزگاری هەبێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا ورێنماییە کارپێکراوەکاندا:

| ئیدارەی سۆران | پێکهاتەی ئیدارەکە |
|---|---|
| | سەنتەری قەزای سۆران |
| | سەنتەری قەزای ( رواندوز، چۆمان ) |
| | سەنتەری قەزای مێرگەسوور |
| | ناحیەی سیدەکان |
| | ناحیەی خەلیفان |
| | ناحیەی دیانا |
| | ناحیەی ڕەزگە |
| | ناحیەی مەزنێ |
| | ناحیەی بارزان |
| | ناحیەی شێروان مەزن |
| | ناحیەی گۆرەتوو |
| | ناحیەی پیران |
| | ناحیەی گەلاڵە |
| | ناحیەی قەسرێ |
| | ناحیەی سمیلان |
| | ناحیەی حاجی ئومەران |

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E-mail: council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان هەولێر

٥

هەواڵنامەی کتێب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**هەرێمی کوردستان ـ عێراق** | **اقليم كوردستان ـ العراق**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | رئاسة مجلس الوزراء

سکرتاریەتی ئەنجومەن | Kurdistan Regional Government, Council of Ministers | سكرتارية المجلس

ژمارە: | No:

بەروار: / / ٢٧ ی کوردی | Date: / /

| ئیدارەی ڕاپەڕین لە ناوەندی قەزای ڕانیە | پێکهاتەی ئیدارەکە |
|---|---|
| | سەنتەری قەزای ڕانیە |
| | سەنتەری قەزای پشدەر |
| | ناحیەی چوارقوڕنە |
| | ناحیەی بێتواتە |
| | ناحیەی حاجیاوا |
| | ناحیەی سەرکەپکان |
| | ناحیەی هێرۆ |
| | ناحیەی ناودەشت |
| | ناحیەی هەڵشۆ |
| | ناحیەی ژاراوە |
| | ناحیەی ئیسیوە |

| ئیدارەی هەڵەبجە | پێکهاتەی ئیدارەکە |
|---|---|
| | سەنتەری قەزای هەڵەبجە |
| | سەنتەری قەزای شارەزوور |
| | سەنتەری قەزای سید صادق |
| | سەنتەری قەزای پێنجوێن |
| | ناحیەی سیروان |
| | ناحیەی بیارە |
| | ناحیەی خورماڵ |
| | ناحیەی وارماوا |
| | ناحیەی ئاڵپاریز |
| | ناحیەی گەرمك |
| | ناحیەی سرۆچك |

Kurdistan Region Erbil
Phone: +964 (066) 2220240 2230247 2230248
E-mail: council of ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان هەولێر
تەلەفۆن: [illegible]

٦


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی ژمارە( ٢ )

## هەرێمی وەزیفی تەندروستی لەشاری ڕانیە

هاووڵاتی بەرێز ئەم فۆرمەی لەبەر دەستتە تەنها بەمەبەستی ئەنەنجام دانی کارێکی زانستیە ئەویش نووسینی تێزی دکتۆرایە بەناونیشانی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، بۆیە بۆ هیچ مەبەستێکی ترنیە، لە بەرئەوە پرکردنەوەی ئەم فۆرمەو وە لام دانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست خزمەتێکی گەورەیە بە بواری زانست وزانیاری بەگشتی و شاری ڕانیە و دەوروبەری بەتایبەتی، هاوکاریتان جێگەی ڕیزوسوپاسە لەگەڵ ڕیزدا. **تێبینی (دەکرێت ناوی خۆت نەنوسیت)** .**توێژەر: بێستون ئەحمەد حسێن**

١- ناوی نەخۆش.............................. ٢ - شوێنی نێشتەجێ بوون قەزا.........................

ناحیە.........................گوند............................................

٣- نیشانەی ↗ لەونەخۆشخانەیە بدە کە سەردانی دەکەی.

نەخۆشخانەی کێوەرەش ☐ نەخۆشخانەی گشتی ☐ نەخۆشخانەی منداڵبوون ☐

نەخۆشخانەی کوردستانیئەهلی ☐ سەنتەری گورچیلە ☐ سەنتەری تیشک وسۆنەر ☐

٤- هۆکاری سەردانکردنت بۆنەخۆشخانەکانی شاری ڕانیە چیە لەم هۆکارانەی لای خوارە وە پاڵنەرن بۆ ئەوەی بێیتە نەخۆشخانەکانی شاری ڕانیە نیشانەی ↗ لەبەرامبەر هۆکارەکە دابنێ

- نزیکەشاری ڕانیە لە شوێنی نیشتە جێبوونت ☐
- باشی جۆری نە خۆشخانەکانی ڕانیە ☐
- بوونی دکتۆری باش و دەرمانی پێوویست ☐
- بوونی هۆڵی نەشتەرگەری ☐
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی ☐
- خزمەتکردن وگرنگی دانی باش بە نەخۆش ☐
- نەبوونی ئەوجۆرە نەخۆشخانە یە لەشوێنی نێشتە جێ بوونت ☐
- ئاسانی گەیشتن بە نەخۆشخانەکانی شاری ڕانیە لەڕووی تێچوونی مادی و کاتەوە: ☐
بەچەند دەقیقە یان کاتژمێر دەگەیتە ڕانیە ......................... وەچەندنت پارە پێوویستە...........
- گونجاوی ڕێگاکانی گواستنەوە بۆ گەیشتن بە شاری ڕانیە ☐
- نەبوونی سەنتەرەکانی تیشک وگورچیلە لەشوێن وشارەکەی خۆت ☐
- دیاردەسروشتیەکان ڕێگرن لەگەیشتن بە شاری ڕانیە ☐
- دیاردەسروشتیەکان هیچ ڕێگر نین لەگەیشتن بە شاری ڕانیە ☐
- دووری شوێنی نیشتە جێ بوونت گرفتە بۆ گەیشتن بەڕانیە ☐
- بوونی هەمان خزمەتگوزاری تەندروستی لەشارێکی نزیکتر لە شوێنی نیشتەجێ بوونت وای کردوە کە سەردانی ڕانیە نەکەیت ☐

هەواڵنامەی کتێب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی ژمارە( ٣ )

## هەرێمی وەزیفەی گواستنەوە لەشاری ڕانیە

هاوولاتی بەرێز ئەم فۆرمەی لەبەر دەستتە تەنها بەمەبەستی ئەنەنجام دانی کارێکی زانستیە ئەویش نووسینی تێزی دکتۆرایە بەناونیشانی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، بۆیە بۆ هیچ مەبەستێکی ترنیە، لە بەرئەوە پڕکردنەوەی ئەم فۆرمەو وە لام دانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست خزمەتێکی گەورەیە بە بواری زانست وزانیاری بەگشتی و شاری ڕانیە و دەوروبەری بەتایبەتی، هاوکاریتان جێگەی ڕێزوسوپاسە لەگەڵ ڕێزدا. **تێبینی (دەکرێت ناوی خۆت نەنوسیت)**

**تویژەر: بێستون ئەحمەد حسێن**

١- شوێنی نیشتەجێ بوون

قەزا............ ناحیە............ گوند..........................................

٢- چ جۆرە هۆکارێک بەکاردەهێنی بۆگواستنەوە نیشانەی لە چوارگۆشەکە بدە کە بەکاری دەهێنی

پاس ☐ تاکسی ☐

٣- نرخی گواستنە بە پاس............ بەتاکسی..........................................

٤- هۆکارچیە بۆ هاتوچۆ پاس بەکاردەهێنی: نیشانەی دابنێ بەپێچەوانەوە نیشانەی دابنێ

- نرخی کەمترە
- خۆت ئارەزوو دەکەی ☐
- پاس زۆرە و دواناکەویت ☐
- باری دارایت وادەخوازێت ☐
- شوێنەکەت تاکسی لێنیە ☐

هۆکاری تر ئەگەر هەیە..........................................................................

..........................................................................................

٥- هۆکارچیە بۆ هاتوچۆ تاکسی بەکاردەهێنی: نیشانەی دابنێ بەپێچەوانەوە نیشانەی دابنێ

- خۆت ئارەزوو دەکەی ☐
- پاس زۆرکەمە یان درەنگ دەگات ☐
- جۆری پیشەکەم وا دەخوازێت ☐
- باری دارایت یارمەتی دەرە ☐
- شوێنەکەت پاسی بۆنایات ☐

هۆکاری تر ئەگەر هەیە..........................................................................

..........................................................................................

٦- لە ڕۆژێکدا چەند جار دێیتە شاری ڕانیە

جار ☐ دوو جار ☐ تر ☐

٧- هۆکارچیە سەرەکی ... نیشانەی دابنێ بەپێچەوانەوە نیشانەی دابنێ


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

- کڕینی پێداوویستی ڕۆژانە ☐
- ئەنجام دانی کاروباری فەرمانگەکانە ☐
- ئامادەبوون لە بۆنەکان ☐
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی ☐
- سەردانی ئاسایی ☐
- بۆخوێندن ☐
- بازرگانی ☐
- سەردانی دکتۆر ☐
- هۆکاری تر ئەگەر هەیە..............................................................................................

هەواڵنامەی کتێب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)